# ئێستاتیکای بابەت و رووداو لە رۆمانی (ژنەجنۆکەکانی شێمەحموو)ی، لەتیف هەڵمەت

**ID No. 898**

(PP 63 - 81)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.6.5

**کیفی محمد عزیز**

بەشی کوردی - فەکەڵتیی ئاداب / زانکۆی سۆران

**Kaifi.aziz@soran.edu.iq**

**وەگـــــرتن : 2023/01/17**

**پەسندکردن : 2023/05/29**

**بڵاوکردنەوە : 2023/12/15**

**پوختە**

رۆمان بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکە، پانتاییەکی فراوانتری بۆ لەخۆگرتنی بـابەت و رووداو هەیە. دونیـای نیشـاندراوی نێـو ئەم پانتـاییەی رۆمـان بـۆ ئەوەی سەرنجکێش و چێژبەخش دەرکەوێت، پتر لەوەش نیشاندانی هارمۆنییەتی رایەڵەی بابەت و رووداو بە شێوەیەکی هـونەری، پێویسـتی بە ئێسـتاتیکایە. لێـرەوە ئێستاتیکا هاوشانی لایەنە هونەری و فیکرییەکانی تێکست، رەوت دەکات. هەر ئەمەشە وا دەکات تێکستێک بە نەمری بمێنێتەوە، زۆربەیجـار رۆمانووسـان بە رژدییەوە دەکەونە دەرفەت رەخساندن بۆ نیشاندانەوەی ئێستاتیکای نێو تێکستەکانیان بە خوێنەران. بەم هۆیەوەیە رۆمان وەک ژانرێکی زیندووی سـەردەم، لە رێگەی ئێستاتیکاوە بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوە. لەم دیدەوە رۆمان دەلیڤەیەکـی چـاکە لێـیەوە پاشـخانی فیکـری نووسـەر دەربخـات، لەوەش زیـاتر واقیعی کۆمەڵگە، خەمەکانی ژیانی تاک، دونیابینی، خەیاڵ و ئەندێشەکان، پێیەوە ئاشنا دەبین. هەر بۆیە رۆمانی ژنە جنۆکەکانی شێمەحموو، سەرباری بابەت و رووداوی نێو تێکستەکە، شێوازێکی ئێستاتیکیانەی سەرنجکێشی لەمەڕ چوونەوە سەریەکی سەرەداوی رووداو و بابەت، سـازاندووە. ئەمەش هـارمۆنییەتێکی سەرنجکێشی بۆ ئێکستەکە دروستکردووە، درک بە لێزانی و شارەزایی نووسەر دەکەیت.

**وشە سەرەکییەکان:** ئێستاتیکا، ئێستاتیکای بابەت، رۆماننووس و بابەت، ئێستاتیکای رووداو، رووداوی خەیاڵی.

**1-پێشەکی :**

ئەم توێژینەوە لەژێر ناونیشانی ئێستاتیکای بابەت و رووداو لە رۆمانی (ژنەجنۆکەکانی شێمەحموو)ی، لەتیف هەڵمەت دایە، ئەوەی ئەم توێژینەوەیە مەبەستییەتی دەرخستنی ئەو ئێستاتیکایەیە، کەوا شاعیرێک دوای ئەزموونی نووسـینی چەنـدان دیـوانە شـیعری، هەوڵی خستۆتەگەر بۆ نووسینی تێکستی رۆمان، ئەوەی سەرنجکێشە، لەم رۆمانەدا ئێسـتاتیکایەک بەرهەمهێـنراوە تیایـدا بـابەت و رووداوی نێو رۆمانەکە هارمۆنییەتێکی ئێستاتیکی لەرادەبەر هونەرییانەیان دروسـتکردووە. لێهـاتووی و دەسـترەنگینی رۆمـانووسی پێوە دیارە. ئەم رۆمانە ئەگەرچی شێوازی داڕشتنەوەی رستە و پەرەگرافەکانی تارادەیەک لە نەفەسێکی شاعیرانەی پێوە دیارە، بەڵام تەکنیکـی نووسـینی رۆمـانی وەک رۆماننووسـێکی سـەرکەوتوو بەکارهێنـاوە. لەم رۆمـانەدا، رۆمـاننووس(لەتیف هەڵـمەت)رەگەزە گرنگەکانی بابەت و رووداو تێکەڵ بە رەگەزی شوێنکات دەکات و فەزایەکی ئێستاتیکی دەنەخشێنێ، کۆی کات و شوێنی ئەم رۆمانە لە رووی هەستییەوە ناکەوێتە نێو کۆی ئەزموونەکانەوە، واتە خوینەر ناتوانێ لە ناو ئەزمـوونە هەسـتەکییەکانی ئەم رۆمـانەوە کـۆی کات و شوێن بناسێ، بەڵام رۆماننووس بە شێوەیەکی هونەری و لە رێگای تەکنیکە ئێستاتیکییەکانی دواخستن و پێشخسـتن و فـلاش باک ، هەوڵیداوە بونیادی تێکستەکەی بسازێنێ.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەت:** لەبەر ئەوەی ئەم رۆمانە، کەوا بە نموونەی توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە، ئەزموونێکی جیـاوازی نووسـینی هەیە، ئەمە وادەکات لەگەڵ ئەزموونی نووسـینی رۆماننووسـانی دیکـە جیـای بکـاتەوە. پاشـان ئەو شـێوە داڕشـتن و مـامەڵەکردنەی نووسەر لەگەڵ ئیستاتیکای بابەت و رووداوەکانی نێو تێکستەکەی کردوویەتی، ئەزموونێکی تازەیە. بـۆیە ئـێمەش بە پێویسـتمان زانی ئەم توێژینەوەیەی لەبارەیەوە بۆ تەرخان بکەین.

**سنووری لێکۆڵینەوە:** ئەم توێژینەوەیە کارکردنە لەنێو ژانری رۆمان، بۆ ئەو مەبەستەش رۆمانی ژنەجنۆکەکانی شێمەحمووی لەتیف هەڵمەت، بە نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراوە.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە ئامانجییەتی ئەو شێوە مامەڵەکردنەی نووسەر لەنێو رۆمانەکەیدا لەمەڕ ئێستاتیکا و شێوازی بەیەکەوە گونجاندنی بابەت و رووداوەکانی نێو ئەم دەقە، نیشان بدات. لەبەر ئەوەی نووسەری ئەم تێکستە، یەکەمین ئەزموونیەتی سەبارەت بە نووسینی رۆمان، چونکە پاشخانێکی زۆری نووسینی تێکستی شیعری هەیە و هەوڵیداوە ئەزموونێکی جیاواز لە نووسینی رۆمان پێشکەش بکات.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوە:** تاچەند نەگونجانی بابەت و ڕووداو لێکەوتەی یان کاریگەری لەسەر تێکستی ڕۆمان و ژانرەکانی دیکە هەیە؟ ئەو ناهاوسەنگیە بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی ئیستاتیکایەکی نەخوازراو لە نێو پرۆسەی گێرانەوەدا؟ بە پێچەوانەکەشی ڕاستە؟ دیاریکردنی ئەو جیاوازییە و ئێستاتیکاکەی ئەرکی ئەم لیکۆڵینەوەیەیە.

**میتۆدی لێکۆلینەوە**: ئەم توێژینەوەیە، لە چوارچێوەی میتۆدی چۆنیەتی(Qualitative Method)، وەسفی_ شیکاری بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان(Data) بەکارهێناوە.

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوە**: ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو تەوەری سەرەکی دابەش بووە. تەوەری یەکەم تیۆرییە و تیایدا چەمک و زاراوەی ئیستاتیکا و پاشان ئیستاتیکای بابەت و رووداو بەشێوەی تیۆری باسکراوە. تەوەرەی دووەمی ئەم توێژینەوە، پراکتیکییە. هەوڵدراوە لەژێر رۆشنایی بابەتە تیۆرییەکانی تەوەرەی یەکەم، نموونەی لەنێو تێکستەکە بۆ بهێندرێتەوە. لە کۆتایدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەپێی پیتی ئەبجەدی رێزکراوە.

**2-- چەمک و پێناسەی ئێستاتیکا**

بۆئەوەی پاشخانی مەعریفی تێکستی گێڕانەوەیی بناسین، ئەوە بەر لەم هەنگاوە پێویستمان بە ناسینی ئێستاتیکای بابەت و ڕووداوەکانی تێکستی رۆمانە. بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا پێویستە چەمکی ئێستاتیکا شرۆڤە بکەین و مانا و ئاماژە چەمکەکانی لێبدەینەوە، پاشان لەسەر ئێستاتیکای بابەت و ڕووداو بوەستین.

ئێستاتیکا، وشە و چەمکێکی گریکییە و لەنێو دونیابینی و مەعریفەی ئەوانەوە بەمیللەتان و ئەدەبی گەلانیتر بڵاوبۆتەوە. هەروەک لە فەرهەنگی ئینگلیزی لۆنگمان(Long Man)دا، ڕەچەڵەک و سەرچاوەی ئەم چەمکەی نیشانداوە. ئەم چەمکە لە ماوەی ساڵانی(١٨٠٠-١٩٠٠) ، لە زمانی گریکییەوە هاتۆتە نێو زمانی ئینگلیزییەوە. ئەویش لە aisthetikos کەوا لە سەرەتادا، لە aisthanesthai هاتووە، کەوا مانای ئاوێزان بوونی ئەزموون لەگەڵ هەست دەگەیەنێت(https://www.ldoceonline.com/dictionary/aesthetic ). پتر لەمەش بەسەرنجدانمان لەنێو فەرهەنگەکانی زمانی ئینگلیزیدا، ئەم چەمکە چەندان شێوە نووسینی هەیە، هەر شێوەیەکیش لە دونیای ئەدەب و هونەردا، ئاماژەیە بۆ دەلالەتێک و شێوە تێڕامانێکی جیاواز، بۆ نموونە لە فەرهەنگی وێبستەری ئینگلیزیدا، ئێستاتیک aesthetic ، بە مانای جوانی دێت، کەچی ئێستاتیکەلی aesthetically ، بە مانای جوانیناس دێت، بەو مانایەی کەسێک لە رێگەی کۆمەلێک پرەنسیپ و بنەما، بەهای جوانی شت بزانێت. هەروەها ئێستاتیشیەن aesthetician ، بە مانای هونەرمەندی جوانی دێت، لەوەش زیاتر ئێستاتیکس aesthetics ، بە مانای جوانیناسی دێت. ئێساتی aesthete ، بە مانای جوانی پەرست دێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی ناساندنی ئەم چەمکە دراوە لەنێو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا، لەم بارەیەوە لە فەرهەنگی وێبستەر دەڵێت: (لقێکی فەلسەفەیە باس لە جوانی، هونەر و چێژ دەکات)(https://www.merriam-webster.com/dictionary/aesthetic ). ئەم شێوە نووسینە جیاوازانەی ئەم چەمکە ئەوەمان پێدەڵێت کەوا پێویستە توێژەر لە هەڵبژاردن و بەرجەستە کردنی ئەم چەمکە ورد بێت، بە تایبەتی کاتێک بۆ زمانی دووەم(زمانی کوردی)، وەریدەگێڕێت، ئەوا پێویستە بزانرێت مەبەست و ئاماژەکانی لە کامە لەم چەمکانەوە هەڵدەگرێتەوە. چونکە هەریەکێک لەم چەمکانە خاسیەت و تایبەتمەندی لە یەکتر جیاوازی هەیە، بۆ ئەوەی تێکەڵبوون و نە شارەزایی لە هەمبەر ئەم چەمکانە روونەدات، بە پێویستی دەزانیین ئەو چەمکە دیار بکەین، کەوا بۆ ناونیشانی ئەم توێژینەوە هەڵمانبژاردووە. ئێمە لەم توێژینەوەیە aesthetic (ئێستاتیک)، وەک چەمکێکی نێو دونیای ئەدەب لەمەڕ جوانی بۆ توێژینەوەکەمان هەڵبژاردووە. بۆیە لە هەر شوێنێکی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم چەمکە (ئێستاتیک aesthetic، کە بە مانای جوانی دێت)، بەیەکتر هاوواتا کراونەتەوە. ئەم چەمکە بە لق و پۆپدار و بەگرێ و گۆڵە، لەبەر ئەوەی وەک هەر چەمکێکی دیکەی نێو فەرهەنگی زمان، خودان تەمومژێکی بێ ئەندازەیە، پانتایی کارکردنی تەنها کایەیەکی دیاریکراو نییە، تاوەکو لە نێو ئەو کایەیەدا

لێکـدانەوە و شرۆڤەکـانی بەردیـدە بخرێـت، بەڵکـو ئەم چەمـکە لە پانتـاییەکی بـێ سـنوور ماناکـانی لەگەڵ هەر پێشـگر یـاخود پاشگرێکەوە مەیسەر دەکات. هەرگیز ناتوانی دڵنیابیتەوە لە گەیاندنی ئەو ئامانج و مەبەستەی توێژەر دەیـهەوێ بە خـوێنەری بـدات تاوەکو چوارچێوەیەکی سنووررداری بۆ دروست نەکرێت و لەم چوارچێوەیەدا مانا و مەبەستەکانی لێکبـدرێتەوە. بەو مانـایەی بەپێـی وەسف و کارەکانی ئەو کەسەی لە کایەیەکی دیاریکراو بەکاریدەهێنێت، ئەم چەمکە ماناکەی خۆی هەڵدەگرێتەوە.

سەبارەت بە پێناسەی ئێستاتیکا، کەمال میراودەلی لە کتێبی فەلسەفەی جوانی و هونەردا دەڵێت: (مانـایەکی نادیـار و بەربڵاویـان هەیە بەڵکـو دوو ئایـدیای میتافیزیـک و ئەبسـتراکتن، لەبەر ئەوە ئیسـتاتیکا نرخێکـی زانسـتیی نابێـت ئەگەر لە تـاقیکردنەوەی دیاریکراوەوە ئامادە نەکرێت چونکە جوانی بەپێی هیچ پێوانە و دەستورێک ناناسرێت، هیچ یاسا و خاسیەت و رێورەسمێک نـین کە کاری هونەری بە گوێرەی ئەوان دابهێنرێت، بەڵکو ئەو دەستور و یاسایانە خۆیان لە تـاقیکردنەوەکە، واتە لەو کـارە هونەریـانەدا کە بەدی هێنراون وەردەگیرێن)(میراودەلی، ٢٠٠٥، ل١٤). لێـرەوە تێیـدەگەین تێکسـتی رۆمـان وەک کـارێکی هـونەری، خـۆی داهێـنەر و بەدیهێنەری ئێستاتیکای خۆیەتی، چونکە نووسەری تێکست هیچ یاسا و رێکـارێکی دیـاریکراوی لەپێشـتر ئامـادەکراوی نەگرتـۆتەبەر تاوەکو بەگوێرەی ئەو بنەمایانە تێکستی رۆمانەکەی بنیاد بنێت. هەروەها تیۆدۆر ئەدۆرنۆ لە کتێبی تیۆری ئێستاتیکا، لەمەڕ ناساندنی چەمکــی ئێســـتاتیک وای بـــۆ چـــووە، کەوا ئێســـتاتیکا نیشـــاندانەوەی بـــوونی ئۆبژەیە(شـــت)، لە دووتـــوێی حەز و چێـــژدا (Adorno,2002,p10). لەم تێگەیشتنەی ئەدۆرنۆ، دەگەینە ئەو راستییەی تەوزیفبوونی شت لەنێـو تێکسـتی ئەدەبیـدا، گـرنگترین و هەستیارترین پایەکانی ئێستاتیکان، لەبەر ئەوەی جۆری رەنگدانەوەی ئەم ئۆبژەیە لەنێو تێکستی رۆمان، بنەما و چـۆنیەتی رەنگرێـژ بوونی ئێستاتیکا دەردەخات، هەر ئەمەشـە بـۆ لێکـدانەوە و شرۆڤەکـردنی تێکسـتی رۆمـان دەبێـتە بنەمـایەک، چـونکە خوڵقانـدنی تێکستی ئەدەبی(رۆمان) وەک زانستێکی مرۆیی، لە دووتوێی چێژ و حەزدا خـولقێنراوی مـرۆڤە. هەر لەم بـارەیەوە جەبـار ئەحـمەد حسێن دەڵێت: ئێستاتیکا زانستێکی پێوەریی(مقیاس) نییە ئەوەمان بۆ دەربخات کە کاری هونەری تاوەکو سیفەتی جوانی پێ بـدرێت پێویستە بەو شێوەیە بێت، بەڵکو زانستێکی وەسفییە لە کاری هونەری دەکۆڵێتەوە، بەو پێیەی کە هونەر دیاردەیەکی مرۆڤـایەتییە و پەیوەندی بە چالاکی گیانیی مرۆڤەوە هەیە(حسێن، ٢٠٠٨، ل٢١). لێرەوە دەتوانین بڵێین ئێستاتیکا(جوانی)، چۆنێتی ناسینی شتەکانە بە یـارمەتی هەسـتەکان، دوو ڕەهەنـدی لەخۆیـدا شـوێن بـۆ کـردۆتەوە، یەکێکیـان پەیوەنـدی بە خـودی ئەو کەسـەوە هەیە کەوا ڕەهەنـدەکانی جـوانی بە چـاوێکی جوانبینـانەوە دەبینـێ، بەو مانـایەی خـودییە (Subjective)ە، رەهەنـدی دووەم پەیوەنـدی بە خوڵقانـدنی جـوانی بـابەتەکەوە هەیە، واتە بـابەتی شـتە جوانەکـان، ئەمەش بـابەتییە (Objective)ە. لەنێـو ئەم دوو ڕەهەندەشـدا مەعریفە و هزر سەرچاوە و بڕیاردەری یەکلاییکردنەوەی شتەکانە. لەم ڕووەوە هەر سەبارەت خودی و بـابەتبی ئێسـتاتیکا، نیکـۆڵای هارتمان لە کتێبەکەیدا بەناوی ئێستاتیکا کە لایەن ئـوایگین کـێلی(Eugene Kelly)ەوە، چـاپکراوە، دەڵێـت: دەتـوانین لە ڕێـگەی دوو ڕەهەندەوە خوێندنەوەیەکی ئێستاتیکی بۆ بەرهەمەکان دەستەبەر بکەین ئەمـانیش: یەکەم/ رەهەنـدی ئۆبژێکـت، مـرۆڤ دەتـوانێ پێکهاتە و ئۆنتۆلۆژیای ئۆبژێکتەکان بخوێنێتەوە، پاشان ئەو بەهایانەی هەڵیگرتـووە. دووەم/ سـوبێکت، هەروەهـا لەمەڕ سـوبێکت ڕای وایە، لەلایەن وەرگرەوە نرخاندن و قەدرزانی ئەو کارە(تێکسـتی ئەدەب)، لەبەرچـاو دەگیرێـت، هەورووەهـا ئەو مۆدەسـازییەی لەبەرهەمهێنانی بەرهەمەکەدا بەشدارە(Kelly,2014,p15). بە ئاوێزانبوونی ئەم دوو رەهەندە لەگەڵ هەڵکشانی هەریەک لە ئاسـتی مەعریفە، ئاگایی و هزر لە بوارە جیاوازەکاندا، درککردن بە ئاستی جیاواز و کاردانەوەی خودی، ئێستاتیکا (جوانی) دروست دەبێـت. چـونکە، بۆمگـارتن پێیـوایە (ئێسـتاتیکا بـریتییە لە درککـردن لە رێـگەی هەستەکانەوە)(ئەسـوەد، ٢٠١١، ل١٨٨). لەنێـوان درککـردن و مەعـریفە پەیوەنـدییەکی هاوئاراسـتەیی هەیە، ئەم هاوئاراسـتەییە هارمۆنییەتێـک دروسـت دەکـات، تیایـدا هەم خـودییە و هەم بابەتییە. لەوەش پتر هەتا هارمۆنییەتی نێوان رەگەزەکانی پێکهاتەی تێکستی ئەدەبی(رۆمان)،زیاتر بێت، ئەوا ئێستاتیکا(جوانی) لەنێو بابەتەکاندا زیاتر زەقتر دەبێت، درککردن و پەیبردن قوڵتر دەبێت.

**2_1_ئێستاتیکای بابەت**

كاتێك باسی ئێستاتیکای بابەت دەکەین، ئەوە پێویست دەکات سەرەتا بابەت(Theme)، وەك ڕەگەزێکی سەرەکیی پێکهـاتەی دەقـی ڕۆمـان بناسـێنین، بەم هـۆیەوە پێویسـتە بـۆ خـودی دەق بگەڕێـنەوە. دەق لەخـۆگری بـابەتە و گەرەکیەتـی لە دووتوێیـدا پەیـام بگەیەنێت. ڕۆماننووسیش بە سیفەتی ئەندازیاری دەق، لە پرۆسەی بە تەوەرکردنی بابەت لە تێکستدا، ڕۆڵی مانا پێـدانی بـابەتە، بەو مەبەستەی ئەو بابەتەی ڕۆمان هەڵوەستەی لەسەر دەکات، لەلایەن ڕۆماننووسەوە کراوەتە بنەمای تێفکرینی تێکسـتەکە. جـی. ئەی.

کەدن (J. A. Cuddon)، لە فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکان پێی وایە، بابەت (Theme) بکەری هەڵسووڕاوی دونیای ڕۆمان نییە، بەڵکو لە ئەنجامی هەڵسووڕانی دونیای نێو ڕۆمان، دەبێتە کرۆکێك و دونیای نێو ڕۆمانی بە دەور دەخولێتەوە، جا لە هەندێك تێکستی ڕۆمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ درکی پێ دەکرێت، لە هەندێکی دیکە بە ناڕاستەوخۆ هەستی پێ دەکرێت( Cuddon, 1999, p621). جۆرج لۆکاش لە کتێبی تیۆری ڕۆمان، چەمکێکی سازاندووە، ناوی ناوە گشت(Totality)، لە شیکردنەوەی ئەم چەمکەدا نموونەی بە دانتی هێناوەتەوە، کەوا چۆن لە بەرهەمەکەیدا(کۆمیدیا)، هەموو بەشەکانی(Category)، بردۆتەوە سەر بابەتی سەفەرەکەی و تیایدا بە ڕوونی درك بە هەست و تێڕامانەکانی دەکرێت، بۆیە تەواوی بەشە جیاوازەکانی لە خزمەت بابەتی سەرەکی بەکارهێناوە(Bostock,1977, p70). لەم تێڕوانینەوە بە سەرنجدانمان لە ڕۆمانی ژنەجنۆکەکانی شێمەحمووی لەتیف هەڵمەت، دەتوانین بڵێین بە هەمان شێوە ڕەگەز و توخمەکانی تری نێو ڕۆمانەکە، لە خزمەتی بابەتی سەرەکی بەکارهێنراوە.

ئێستاتیکای بابەت لە ڕۆماندا، وەك گشتێك دیسکۆرسێك دروست دەکات، بەپێی تێفکرین و دونیابینیی ڕۆماننووسان ئەم دیسکۆرسە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. جۆناسان کۆللەر، لەمەڕ ئێستاتیکای بابەتی ڕۆمان و ئەو مانا پێدانەی بۆ ڕۆمان دروستی دەکات، پێی وایە، ئێستاتیکای بابەت، لێکدانەوەی شتەکانی نێو دونیایەك لەخۆ دەگرێ، کەوا کەلتوورێکی دروستکراوی تایبەت بەخۆی هەیە، لە ڕێگەی قسە لەسەرکردن و شرۆڤەکردنی شتەکانی نێو ئەم دونیایە، بە سروشتی خۆی دیسکۆرسێك لە کەلتوورە جیاوازەکە دروست دەکات(Selden ,Widdowson, els, 2005, p36). لەم تێڕوانینەی کۆللەرەوە بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بدەین، ئێستاتیکای بابەت بە تەنها دونیای خەیاڵ و نۆستالجیا نییە، بەڵکو کردەی دۆزینەوەی دیسکۆرسە، هەڵبەتە ئەم کاری کەشفکردنە هێندە سانا نییە، بەڵکو پێویستی بەسەرنجدان و تێڕامانی دونیای بابەتی ڕۆمانەوە هەیە، لەمەش زیاتر فرە چەشنی دیسکۆرسی ڕۆمان، بۆ ئێستاتیکای بابەت دەگەڕێتەوە، کەوا ڕۆمانەکە قسەی لەسەرکردووە، تا لەوە تێبگەی مەبەستی سەرەکیی بەمانایکردن و کردەی دەربڕین، لە کامە تێفکرین و دونیابینییەوە سەرچاوەی گرتووە. بۆ ئەو مەبەستەش زۆربەی ڕۆماننووسان، ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ، تەواوی ڕەگەزەکانی دیکە، بە بابەتی ڕۆمانەوە پەیوەست دەکەن، وادەکەن بابەتی ڕۆمان وەك کێشکردنی موگناتیس بێت، تەواوی ڕووداوەکان و پەیوەندییەکانی نێو ڕۆمانەکە بۆ خزمەتکردنی ئێستاتیکای بابەت کێش دەکەن. ئێستاتیکای بابەت، لە تیۆریزەکردنی هونەرکاری نێو ڕۆمان، وەك پێودانگێک ڕاستەوخۆ خۆی دەردەخات، لێرەوە دەتوانین بڵێین بەشێکی ڕۆمانی کوردیی، ئێستاتیکای بابەتەکانیان، لەو بە مانایکردنە مانا وەردەگرێ، لەسەر ئاستی تاکەکەس بابەتی کۆژان و وردەکارییەکانی ژیانیان دەخەنە بەر باس. جا دەشێ ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەزموونی تاکەکەسی، بۆ بابەت(Theme) مانایەك دروست بکات، وەك لە رۆمانی( ماجەراکانی سەلمانی فارسی) یوسف عزالدین، بەدی دەکرێت، لەنێو جەنجاڵیەکانی ژیاندا بەردەوام بابەتی پرسیاری کێ بوون و چی بوونی لە هزریدا ماخۆڵان دەدات، لەم سۆنگەیەوە تەواوی تێکستەکە دیسکۆرسی بابەتی گەڕان بە دوای خودی خۆی بەرهەمهێناوەتەوە. تیایدا ئێستاتیکایەکی بۆ بابەتی رۆمانەکە دروستکردووە مانایەك بە رۆمانەکە دەبەخشێت. یاخود درککردنی بابەتی ڕۆمانی کوردیی، بەشێوە ناڕاستەوخۆکەی دەردەکەوێت، کاتێك لەسەر ئاستی نەتەوە، بابەت(Theme)بە وێناکردنی مێژووی نەتەوە ببەسترێتەوە، لە تەوزیفکردنی ئەو ئازار و مێژووە پڕ خوێنە سوود وەردەگرێ، وەك کەرەستەیەك بابەتی ڕۆمانی کوردیی تاراوگە لەخۆیدا جێی بۆ دەکاتەوە. لەم شێوە دەرکەوتنی ناڕاستەوخۆیەی بابەتی ڕۆمانی کوردیی، لە ئەزموونی کۆی نەتەوەی کورد گوزارشتە. وەك لە ڕۆمانی نەوەکانی مادایی بەیان سەلمان، شارستانیەت و شێوە ژیانی کۆی نەتەوەیەك لەسەرزەمینی باوانییەوە، پاشان دەرکردن و شوێن لەقبوونی، بابەتی ڕۆمانەکەی پێکهێناوە، بۆیە ئازاری هەنووکەی بە درێژکراوەی هەمان ئەو ئازارە زانیووە.

### 2-2_ ئێستاتیکای بابەت و رۆڵی ڕۆماننووس

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە، کەوا رۆماننووس چ ڕۆڵێکی هەیە لە شێوازی نیشاندانەوە و بەرهەمهێنانەوەی ئێستاتیکییانەی بابەت، بەو مانایەی رۆماننووس بۆئەوەی رۆمانێکی سەرنجکێش بخوڵقێنێ، پێویستییەتی لە چوارچێوەی ئاکارییانە و جوانکارییانەی هونەری رۆمان دەرنەچێت.

پیتەر چاڵدس و ڕۆگیر فۆولەرPeter Childs and Roger Fowler، پێیان وایە، لە تێکستی ڕۆمان، ئێستاتیکای بابەت دەرخستنی ئەو بایەخەیە، دەق هەڵگرییەتی، ئەمەش ڕەهەندێکی ئاسایی ئەو تێرمەیە، تەنانەت بۆ نیشاندانی فۆڕم جەخت لەسەر بابەت دەکرێتەوە. لە چوارچێوەی کارە هونەرییەکان ئاسایی نییە بابەت دەرنەکەوێت، ئەگەرچی، ڕووداو، وێنە، ئاماژەکان، ڕاستەوخۆ

دەبنە مایەی نیشاندانی بابەتی ڕۆمان، (Childs and Fowler, 2006, p239)، پاشان جاڵدس و رۆگەر پێیان وایە، بابەت لەگەڵ وێنە و ئاماژەکان پەیوەندییەکی لۆژیکییان هەیە، ئەگەر پەیوەندییەکە ڕێك و گونجاو نەبوو تووشی تێرامان و ناحاڵیبوون دەبین. بۆ نموونە قسە لەسەر بابەتی هاورێ هاوبەشەکانی دیکینز بکەین، ئەوەندە بەجوانی وێنە و ئاماژەکانی بە بابەتی سەرەکی ڕۆمانەکە پەیوەست کردووە، وێنە کێشراوەکانی نێو ڕۆمانەکە، بە ئاستی تێفکرین و لێکدانەوەی ڕۆماننووس پەیوەست دەکرێت. ئەگەرچی لە نموونەی تێکستی لە (چاوەڕوانی گۆدۆ)ی بیکت، شێوازی وێنە و ئاماژەکان، ئەوەندە ئاڵۆز و تێکەڵاون، زۆر بە زەحمەت دەتوانرێ سەرچاوەی بابەتی تێکستەکە و شێوازی بەیەکەوە گونجانی بابەتی تێکستەکە بە ڕەگەزەکانی دیکە، بدۆزیتەوە ( Childs and Fowler, 2006, p239). لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەوە رۆڵی رۆماننووس لە بەماناییکردنی بابەتی سەرەکی ڕۆمان و نیشاندانەوەی ئێستاتیکییانەی بابەتی رۆمان، دەشێ وێنە و ئاماژەکان بە ڕوونی پەیوەستی ئەو لێکەوتەیە بن، کەوا لە بابەتی رۆمانەکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەمەش وێنە و ئاماژەکانی لەمەڕ دونیای تێدا ژیاوی کارەکتەر لەگەڵ بەماناییکردنی بابەت، لێک جیاواز و دوور ناکەونەوە، بەو هۆیەوە ڕێ و ڕەچەی سەرەکی ڕووداوەکانی ون نابن. رۆڵی رۆماننووس لەمەڕ ئیستاتیکای بابەتدا، بە تەنها وێنەگرێکی ڕووت نییە، بەڵکو لە مانا پێدان بۆ بابەت، خاوەن ویژدان و ڕۆحی بەرزە، لەسەر چەندین دیمەن و وێنە دەوەستێت. لە پەیوەندی لۆژیکییانەی نێوان بابەت و وێنە و ئاماژەکان هاوشێوەی ئەو ئەندازیارەن، لە نەخشەسازی و بیناکردنی خانوو یاخود باڵەخانەیەك پلانی تۆکمە بۆ پانی و درێژی ژوورەکان و ئاستی بەرزی خانووەکە لە شەقامی بەردەمی بەهەند وەردەگرێ، ئاواش لە ڕۆمان، رۆماننووس ئێستاتیکای بابەتی بەهەند وەرگرتووە و هیچ شتێکی لەخۆیەوە بێ کاریگەریی ناخاتە نێو تێکستەکەیەوە.

ئیدوارد کوین(Edward Quinn)، سەبارەت بە رۆڵی رۆماننووس لە چێکردن و خوڵقاندنی ئێستاتیکای بابەت لەنێو تێکستی ڕۆماندا، پێی وایە، ڕۆماننووس بەشێوازی خۆی بەهۆی ڕایەڵەیەکەوە هەریەك لە گرێ، کارەکتەری نێو تێکستەکەی بە هۆی گێڕانەوەوە بەبابەتی تێکست دەبەستێتەوە(Quinn, 2006, p417-418). لە تێڕوانینی ئیدوارد کوینەوە بە سەرنجدانمان لە ئێستاتیکای بابەتی ڕۆمان، دونیای خوڵقێنراوی نێو رۆمان و هەڵسووڕانی ئەم دونیایە، ئایدیای دیاری بابەتە، لەپشتی ئەم ئایدیایەشەوە ئێستاتیکایەک دەبینرێت، کەوا لە چۆنیەتی شێوازی گێڕانەوەی رۆماننووسەوە سەرچاوە دەگرێ، جا دەشێ ئەم گێڕانەوەیە ئەوەندە تایبەت و سەرنجکێش بێت بەهۆیەوە ستایلێک بۆ رۆماننووسیش دیاری بکات و پێیەوە بناسرێتەوە. چوونەوە سەریەکی گرێ، ڕووداوی کارەکتەرەکان و گێڕانەوەی بابەتەکانیان، جگە لەوەی ئێستاتیکایەک بەرهەم دێنێ، گرێدانێکی تۆکمەش بە دەق دەبەخشێت. زۆربەیجار گێڕانەوەکان ئەوەندە ئێستاتیکین لە نووسینی تیۆریانەی نێو بابەتە فەلسەفی و دەروونییەکان جیاوازترە، ئەم بابەتە تیۆریانە ئەگەرچی زانیاری و مەعریفە دەدرکێنن، تاوەکو ئاگەداری ئەزموونی مرۆڤ بین، کەچی بابەتی رۆمان و رۆماننووس، لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی ئەزموون، جا تاکەکەسی یاخود کۆگەلی بێت، دونیایەکیان ئافراندووە، لەمەڕ دونیای تێدا ژیاویان مەعریفەیەکی سەرنجڕاکێش پێشکەش دەکات. هەر لە ژێر تێڕوانینی ئیدوارد کوین، لەمەڕ دروستبوونی ئێستاتیکای بابەت لە شرۆڤەکاری شتەکانەوە، رۆماننووس لە ئایدیای بابەتی ڕۆمان، سەرەتاکان دووبارە گوزارشت دەکاتەوە، نەوتراوەکان و پەنهانەکان، ئایدیای بابەت داگیر دەکات، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی تێکستی ڕۆمان، نەگوتراوەکان و خەونەکان، گوتارێکی بێدەنگ و بێدەقن، تەنها خودی رۆماننووس هەستی پێدەکات. لە دووتوێی ڕۆمانەکە شرۆڤەکاری شتەکان لەنێو مەعریفەیەکدان، بە تەنها وشە و ڕستە ڕیزکردن نین، بەڵکو ئایدیاشی لەگەڵدایە، وشە و ڕستەکان بەکۆمەڵێك دەلالەتی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیی و دەروونی بارگاوی کراون. لەمەش پتر گێرلاند پرینس(Gerald Prince) وای بۆ چووە، ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان بە کارەکتەرەکانەوە پەیوەستن، ئەوانیش(کارەکتەر) وابەستەی ئەو بابەتەن، کەوا چوارچێوەی گشتیی ڕۆمانەکە دروست دەکەن. بۆیە گێرلاند پرینس پێی وایە بابەت ئەو چوارچێوە هزرییەیە، تەواوی خواست و مەیلی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان یاخود ڕۆماننووسی لێوە بەدەردەکەوێت، هەموو ئەو بابەتانەی لەبارەی شتەکانی نێو ڕۆمانەوە دەدوێن، سەرەنجام دەچنەوە خزمەتی بابەتی سەرەکیی ڕۆمان(Prince,1982, p74). لەم سەرنجەوە سەبارەت بە رۆڵی رۆماننووس و ئێستاتیکای بابەت لە دەقدا، بەردەوام بەر لێکەوتەی پەیوەندیی نێوان چیرۆك و ڕووداو و کارەکتەرەکان لەگەڵ دونیابینی و دۆخی دەروونی خودی رۆماننووس دەکەوین. ڕۆماننووس یاخود گێڕەرەوە، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت، پێی وایە هەر ئازار بەرکەوتنێك بە کەسایەتییەکانی نێو رۆمان، ئازارە بەجەستەی ئەو دەکەوێت، لەبەرامبەر هەر ڕووداوێکی ناهەموار، نیگەران و پەست دەبێت، هەر ڕووداوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری...هتد، بە دەنگی دێنێ، لە دووتوێی تێفکرین و بیرکردنەوەکانی لە قاڵبیان دەدات. لەمەش زیاتر بەسەرنجدانمان لە پەیوەندیی ڕووداو و کەسایەتیەکان بە بابەت، بەسەر واقیعی فرە ئاراستەیی بابەت دەکەوینەوە، بەم هۆیەشەوە ڕۆمان بە تەنها و بەس، لەسەر ماناپێدانی بابەت

ناوەستێ، بەڵکو بڕیاری گەڕانەوە بۆ نێو خودی جیاوازییەکان و هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر دۆخی خوڵقاو و گەڕانەوە بۆ بەها جوانەکان دەدات. زۆربەیجاریش ڕۆماننووس دۆخە خوڵقاوەکان بە وێستگەی چاوەڕوانی دەزانێت، هەمیشە چاوەڕوانی شتێکە لەسەر هەستە بۆ هەر پێشهات و ئەگەرێك ڕووبدات. وەك لە ڕۆمانی (ئەودیوو سنوور، باڵەفڕە بەنێو دارستانەکانی مانگدا)ی ئیسماعیل حەمەئەمین، ڕۆماننووس وەك تاراوگەبووێك لەمەڕ پەیوەندیی لۆژیکییانەی نێوان وێنە و ئاماژەکان لەگەڵ بابەتی ڕۆمانەکەی سەبارەت بەیادەوەرییەکانی، مانایەکی بۆ بابەتی تاراوگە دروستکردووە و کردوویەتیە ئامرازێك بۆ هێڵکێشانی ژیانی تاراوگەی. لە زەمەن و ئەزموونی خۆیدا ونبوون و پەرتبوونی لەنێو ئازارەکانیدا وێنە کێشاوە، سەرلەبەری بابەتی ڕۆمانەکەی هەستکردنە بە گەڕانی غەریبێك بەدوای نیشتیمانی یاخود ڕابردوویەکی لە دەستچووی، بۆیە ئەو بەمانایکردنەی نێو ڕۆمان بۆ وەسفکردنی نیشتیمان هەیەتی، زۆر جوانترە لە واقیعی نیشتیمان خۆی.

بەپێی تێگەیشتنی سەردەمانی زوو، تێگەیشتنێک باو بوو، کە دەبوایە ڕۆماننووس لە هەڵبژاردنی بابەتدا هەندێک سنوور هەیە نەیبەزێنێت، کەچی بەپێچەوانەی ئەم تێگەیشتنەوە، ڤێرجینا وۆڵف لە کتێبی هونەری ڕۆمان پێی وایە ئەم تێگەیشتنە کوێت و بەند دروست دەکات، چونکە ناشێ ڕۆماننووس ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی بابەت ببێتەوە، بەو واتایەی لەبەردەم دووڕیانی گونجاوی و نەگونجاوی یاخود ئەم بابەتە دەست دەدات یاخود دەستنادات.(سابیر، ٢٠٠١، ل٨٤). لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ڕادەی سەرکەوتنی ڕۆماننووس لە چۆنیەتی تەوزیفبوونی بابەتە لەنێو تێکستدا، نەوەکو جۆری ئەو بابەتەی هەڵیبژاردووە بابەتێکی گەورە و زیندووە، بەڵکو لە تەوزیفبوون و جۆری ئەو ئێستاتیکایەیە ڕۆماننووس لەنێو تێکستەکەیدا دروستی دەکات.

### 3-2- ئێستاتیکای ڕووداو

ئێستاتیکای ڕووداو دەتوانێ ڕۆح بە تێکستی ڕۆمان ببەخشێ، دینامیکییەتی ڕۆمان بە ڕووداوەوە بەندە، ڕووداوی زیندوو دەقی زیندوو بەرهەم دێنێ و بەپێچەوانەشەوە دروستە. ڕۆمان وەك کردەیەکی هونەریی پەخشان ئامێز، لەسەر بنەمای کارەکتەر، شوێنکات، ڕووداو لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا خۆی دەبینێتەوە، لەنێویدا ڕووداو بەشێوەیەکی ئاڵۆز چنراوە، ئەمیش(ڕووداو) لەگەڵ ڕەگەزە تەکنیکییەکانی ڕۆمان لە پەیوەندییەکی تەواوکاریدایە، بەپێی پێویستی و ئەندازەیی ڕەگەز و توخمەکان هارمۆنیەتێکیان پێکهێناوە، لە پێکهاتەی ڕۆماندا ڕۆڵیان هەیە. بە هەمان شێوە ڕووداو لە پێکهاتەی تێکستی ڕۆمانی کوردیشدا، یەکێك لەو توخمە سەرەکییانەیە لە پەیوەندیی بە کارەکتەر و شوێنکاتەوە، ئەڵقەی گەیاندنی ئایدیای ڕۆمانە بە خوێنەر. وەك هەر توخمێکی دیکەی ڕۆمان قورسایی خراوەتە سەر. جی ئەی کەدن، دەڵێت: چیرۆکی سەرەکی و پلانی بە بەدوایەك داهاتنی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمان، ئەو دوو بنەمایەن لە ڕووداوەوە مانایان وەرگرتووە(Cuddon,1999, p8). بۆیە دەبینین لەهەر تێکستێکی ڕۆمان، چەند ڕووداوێك لە شوێنکاتی جیاوازەوە بەسەر کەسەکان هاتووە، هەموویان بەسەریەکەوە بوونەتە پێکهاتەی دەقەکە، کەواتە بۆ ئەوەی تێکستێکی تۆکمە و چێژبەخش بەرهەم بێت، پێویستە ڕووداوێك یاخود چەند ڕووداوێك لەئارادا بێت. ئەمەش پشت ڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییەیە، کەوا ئەرستۆ سەبارەت بە ڕووداو دەڵێت: ((کردارێکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە))(گەردی، 2004، ل33). ڕووداو لە ڕووی تەکنیك و شێوەی چنین، هێڵێکی گشتیی درامی هەیە، بەسەریەکەوە بوونەتە گشتێك تێکستی ڕۆمانیان پێکهێناوە. لێرەوە ئێستاتیکای ڕووداو خۆی دەردەخات، بەوەی تەواوی ڕووداوە لاوەکی و سەرەکییەکانی لە چوارچێوەیەکەوە کۆکردبێتەوە، لەنێوان ڕووداوەکاندا هیچ بۆشاییەك نەهێڵدرابێتەوە. هەر لەبەر ئەمەشە هیچ دەقێکی ڕۆمان نییە، ڕووداوەکانی کەرت کردبێت، واتە تێکستی ڕۆمانەکەی بەسەر دووبەش دابەش کردبێت، ڕووداوی یەکەم و بەشی یەکەم، دەستپێکی ڕووداوێک تایبەت بە بابەت و پرسێکی دیاریکراو بێت، یاخود ڕووداوی دووەم و بەشی دووەمی تایبەت بە ڕووداوێکی وێکنەچووی ڕووداوی یەکەم و پرسێکی جیاوازتر بێت. بۆ نموونە ڕووداوێك یاخود ڕووداوی هەر بابەتێک کەوا لەسەردەمی ژیانی ڕۆماننووس یاخود گێڕەڕەوە، یان هەر کارەکتەریکی دیکە، بەسەری هاتووە، تەواوی ڕووداوەکە بەبێ پچڕان بەسەریەکەوە ناگێڕێتەوە، بەڵکو تێهەڵکێشی ڕووداوێکی دیکە دەکرێت. مەبەستی ڕۆماننووس، نیشاندانی دوو دونیابینی و خەیاڵ و ئەندێشەی ڕووداوی جیاوازە، بۆ ئەوەی بتوانێ لەدرێژە پێدانی ڕەوتی ڕووداو بەردەوام بێت، خوێنەر بەهۆشیاری و مەزەندەی خۆی، ئەبێ ڕووداوەکان جیا بکاتەوە، پارچە دابەشکراوەکانی ڕووداوەکان بباتەوە سەر یەکتری و لەوێوە وێنەی تەواوی ڕووداوەکان ببینێت، تاوەکو بەلێزانی و لێهاتووی خۆیەوە، بە مەبەستی شیتەڵکاری و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی تێکستەکان درك بەو جۆرە تێکەڵکردنە بکات. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (خەونەکانی بلووژستان)ی ئەحمەدی مەلا، لە سەرەتای ڕۆمانەکەیدا ڕووداوێك هەیە، کەوا پەیوەندیی بەسەردەمی منداڵی خۆیەوە هەیە،

خووی بەوە گرتووە وێنەی نێو پەرتووکەکان لە ڕێگەی ئەو پەڕە نەوتاوییانەی تەڕیکردوون وێنەکانی کێشاوە، پاشان ڕاستەوخۆ دوای ئەو ڕووداوە، ڕۆماننووس ڕووداوێکی دیکەی تێکەڵکێشی هەمان ڕووداو کردووە، کەوا پەیوەندیی بەسەرزەمینی ژیانی تاراوگەوە هەیە، ئەویش بریتییە لەو خووگرتنەی کەوا هەموو بەیانییەك پێش ئامادەکردنی نانی بەیانی دوو کووپ قاوەی نۆشکردووە، دیارە ئەمەش پەیوەندیی بە نیشاندانی دوو کەلتوور و دوو دونیابینیی جیاوازە، کەوا لەنێو ڕۆمانەکەیدا بەڕوونی ڕەنگی پێداوەتەوە. کەوابوو ئەو ڕووداوانەی لە سەردەمی منداڵیدا ڕوویانداوە، بۆ ڕۆماننووس کراوەتە هەوێنی تێگەیشتنی ئەو ڕووداوانەی لەسەرزەمینی تاراوگەوە ڕوودەدەنەوە، لێرەوە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە، دوو ئەڵقە تێکهەڵکێشراوەکە نیشان دەدەن.

ئێستاتیکای ڕووداوی نێو ڕۆمان لەوەوە دەردەکەوێت، کەوا بەشێوەیەکی سروشتی نەوەکو دەستکرد، گوزارشتی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری کارەکتەرەکان بن، لە دووتوێی ڕۆمانەکەدا خرابنە خزمەتی بابەتێک، گەرەکیی بێت زانیاری بگەیەنێت. جیمس فیلان و پیتەر رابینۆتس، لە تیۆری گێڕانەوەدا پێیان وایە ڕووداو شێوە و جۆری گێڕانەوە دەستنیشان دەکات،لە پەیوەندیی نێوان گوتاری ڕۆمان و ئەو چیرۆکەی گێڕاویەتیەوە ڕۆڵی هەیە( Phelan and Rabinowtiz, 2005, p21). لێرەوە تێدەگەین، دەشێ ئێستاتیکای ڕووداو لە شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەستبەر بکرێت، لەوەش زیاتر ڕۆمان لە هەناویدا گوتارێکی هەڵگرتووە، کەوا ڕووداوەکان بە شێوازی جیاوازی ڕوودانیان بەشێکی ئەو گوتارەیان پێکهێناوە، بۆیە زرینگی و لێهاتووی گەرەکە تاوەکو ئێستاتیکای ڕووداو لەو شێوە مامەڵەکردنەی ڕۆماننووس لەگەڵ ڕووداوی کارەکتەرەکاندا کردوویەتی و هەروەها ئەو گێڕانەوەیەی مەزراندوویەتی، دەست بخەیت و ببینیت. بە دیوێکی دیکە لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەی سەرەوە، لەوە دڵنیا دەبینەوە، بۆ ئەوەی ئێستاتیکای ڕووداو دەربکەوێت، پێویستە ڕووداوەکان لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکی کارەکتەرەکان، گونجاوی و هارمۆنیەتێکی سەرنجکێشیان هەبێت، یەکتر تەواوبکەن و بچنەوە سەریەکتر. ئالێرەوە ئێستاتیکای ڕووداو بەشێوە هونەرییە سەرکەوتووەکەی لە دووتوێی ڕۆماندا درکی پێدەکرێت.

**2- 4- ڕۆڵی ڕۆماننووس و تەزیفبوونی ئێستاتیکای ڕووداو لە دەقدا**

هەرتێکستێکی ڕۆمان بۆ ئەوەی ئیستاتیکای ڕووداو بەشێوەیەکی روون نیشان بدات، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێک ڕۆماننووس مەبەستیەتی ڕووداوەکانی بخاتە دووتوێی بابەتی ڕۆمانەکەوە و هاوئاهەنگییەکی لەنێوانیان دروست بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەشێ پەیڕەوی دوو جۆری جیاواز لە مەزراندنی ڕووداو بکات، ئەوانیش بریتین لە:

**4-2- -1ڕووداوی خەیاڵی**

ئەم جۆرە ڕووداوە، بەشێکی ئەو هاوکێشەیەیە، کەوا ئێستاتیکای ڕووداوی لێوە دەردەچێت، لەبەر ئەوەی ئاوەزی ڕۆماننووس خولقێنەر و داهێنەریەتی، لەم شێوەیەدا توانا و لێوەشاوەیی ڕۆماننووس لە بەرهەمهێنانی ڕووداوە خەیاڵییەکە ڕۆلی هەیە، بەوەی ڕووداوێکی خوڵقاندووە لە دەرەوەی واقیعی تێدا ژیاوی مرۆڤەکانەوە هەڵچنراوە، لێرەوە ڕادەی دونیابینی و شێوازی بیرکردنەوەی ڕۆماننووس خۆی دەردەخات. لەوەش پتر ئەم جۆرەی ڕووداو دەست واڵایی بۆ ڕۆماننووس فەراهەم دەکات بۆ ئەوەی لەم چوارچێوەیەدا بە ئارەزووی خۆی و بەمەبەستی خۆی تەونی ڕووداوە خەیالییەکان دەچنێت و سەربەستیشە لەوەی ڕووداوەکان بەچ ئاراستە و ڕێرەوێکی هزری و هونەری دەبات، یاخود لادان و پێچەڵپێچکردنی ڕووداوەکان چۆن دەسازێنێ. پەرێز سابیر، لە کتێبی بینای هونەری چیرۆکی کوردی، دەڵێت: ((لۆژیکی بەدوایەکداهاتنی ڕووداوەکان گرنگ نییە، بە قەد ئەوەی چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکان گرنگە))(سابیر، ٢٠٠١ ، ل٤١). لێرەوە تێیدەگەین ڕۆماننووس لە مەزراندنی ڕووداوی خەیاڵیدا، ڕەچاوی بەدوایەکداهاتنی سروشتیيانەی ڕووداو ناکات، بەڵکو ڕەچاوی ئەو شێوە دارشتنەی ڕووداو دەکات، کەوا لە خزمەت گێڕانەوەی چیرۆکی تێکستەکەیدایە، هەربۆیەشە ڕەچاوی زنجیرەیی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان ناکرێت، بەم هۆیەشەوە ڕۆماننووس لە کات پێدان و دەرفەت ڕەخساندن لە چۆنیەتی هاتنەپێشەوەی ڕووداوەکان سەربەستە، (( بە مەبەستی ختووکەدانی هەست و سۆزی خوێنەر، ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکانیان بەهۆی زیادە پێوەنان و خستنەپاڵی شتی سەیر، کە پێشتر نەبیسترا بێت، هەروەها خستنەرووی ڕووداوی ئێجگار نائاسا، بە ڕادەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش دەکەن))(یاقووب، ٢٠٢١،بەرگی دووەم، ل٤٤١). لەم شێوازەی ڕووداوەدا خوێنەر ناتوانێ چاوەدێری ڕەوتی ڕووداوەکان و شێوازی ڕوودانیان بکات لەبەر ئەوەی لەبنەڕەتەوە ئەم ڕووداوە ناکۆک و وێک نەهاتووە لەگەڵ واقیع. خوێنەریش پێشتر هیچ زانیاری و ئاگەدارییەکی لەسەر ڕووداوەکاندا نییە و لەبارەیەوە هیچی لێ نازانێت و دەکەوێتە دۆخی جیاوازەوە بەمەش خوێنەر تەنها وەک تەماشەکەرێک ڕۆڵ دەبینێت. جانێت بۆرۆوەی (Janet Burroway )،

لەبارەی ئەم شیوە مامەڵەکردنەی رۆمانووس لە بەرانبەر ڕەنگرێژکردنی خەیاڵەکانی و دۆخی خوێنەر دەڵێت: بەو شێوەیە خۆت دەبینیتەوە کە دەبێت مامەڵە لەگەڵ هەستێکدا بکەیت، کە لە سەرەتاوە نوێیە بۆ تۆ، هەست بە بێتوانایی دەکەیت لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا(Burroway,1992,p11).

لەم جۆری رووداوەدا توانای رۆمانووس لە رەنگرێژکردنی خەیاڵەکاندا رۆل دەبینێت و ئەندێشەی رۆمانووسیش و ئەزموونی ژیان سوودبەخش و خوڵقێنەرن لەم رەنگرێژ کردنە رۆڵی هەیە. هەروەک جان ئەلبێر و مۆنیکا فلودرینک لە کتێبی گێڕانەوەی دوای کلاسیک (Postclassical Narratology)، سەبارەت بە گێڕانەوەی ڕووداوی خەیاڵی و ئیستەتیکی تێپەڕاندنی لە دەقدا، دەڵێن: ((نیشاندانی رووداوی لەم شێوەیە، مەبەست لێی شرۆڤەکردنی ئێستایە و هەم رابردووش وێنا دەکات، ئەم جۆرە پێکهاتەی رووداو ئاڵۆزە و بەسەر کاتەکان دابەشکراوە))(Alber and Fludernik, 2010,p148)، ئەوەی لێرەدا روون دەبێتەوە، ئەوەیە مۆڵەت بە خوێندنەوەیەکی بەدیل دەدات بۆ کردەی هەستیاری گێڕەرەوە وەک هاوڕووداو لەگەڵ کردەی گێڕانەوە. بۆنموونە ئەگەر رۆمانووس بیەوێ گوزارشت لەوساتە ناوەکیی و هەستییە بکات، کەوا سەرکردەیەک لە ساتی شکست و پاشەکشەی سوپاکەیدا، چ هەست و دیدگایەکی هەبووە، ئەوا مەگەر تەنها خەیاڵ و ئەندێشەی رۆمانووس ئەو ساتەمان بۆ بگوازێتەوە و بە خەیاڵی رۆمانووسیانەوە بۆمان وێنا بکات. نووسەر رووداوێک دەسازێنێ دوور و نزیک پەیوەندی بە ژیانی هەنوکەیی تاکەکەسیانەی خۆیی و کۆمەڵگەکەشییەوە نییە، تەنانەت هەندێکجار رووداوەکان لەسەردەمێکی ئەوەندە دوورەوە خواستراوە، مەگەر زانستی مێژوو توانای لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئەو رووداوانەی بوو بێت. زۆربەی جاریش رۆمانووس لە خواستنی ئەم جۆرە رووداوانە مەبەستییەتی ئێستای پێ راڤە بکات یاخود رۆمانووس مەبەستیەتی هەندێک وردەکاری کەوا وەک زانیارییەک دەیخاتە سەر ئەو رووداوە و بەپێی زەینی خۆی تێکەڵکێشیەک دروست دەکات. سەڕەرای ئەوەش لە رووداوی خەیاڵیدا پێویستە ئەم زەمینەسازییە وەک ئێستاتیکێک بۆ رووداو لەبەرچاو بگیرێت:

یەکەم/ ئەو رووداوەی خەیاڵ بنیاتی ناوە، پێویستە شوێنێک هەبێت بۆ رووداني رووداوەکان.

دووەم/ پێویستە ئاماژە بە کات بدرێت، واتە سەرباری ئەوەی خەیاڵ رۆڵی لە رەنگرێژکردنیدا هەیە، بەڵام ئاماژەکردن بە کاتی رووداني رووداوەکان گرنگە.

سێیەم/ ئامادەیی کارەکتەر، چونکە بزوێنەری رووداو و فاکتەری بەرەوپێشەوەچوونی رەوتی رووداوەکان، بریتین لە کارەکتەر.

چوارەم/ بۆ ئەوەی زەمینەی بیرۆکەی رووداو دابمەزرێ، وا پێویست دەکات لە پشت هەر رووداوێکی خەیاڵییەوە بیرۆکەیەک ئامادەیی هەبێت.

پێنچەم/ بۆ ئەوەی بیرۆکە رۆڵی لە گەیاندنی پەیامی رووداوەکاندا هەبێت، وا پێویست دەکات، رووداوەکان گۆشەنیگای تایبەتی خۆیان هەبێت.

شەشەم/ دروستبوونی ژینگە و کەشێکی گونجاو بۆ گەشەی رووداوەکان، کاری لە پێشینەی رۆمانووسە.

سەرباری هەموو ئەمانە، زۆربەی جار، رووداوە خەیاڵییەکان نالۆژیکیانە دێنە بەرچاو، ئەم نالۆژیک بوونە جوانترین و ناوازەترین رۆمان دروست دەکەن، ئەمەش پەیوەستە بە تێپەڕاندن و سنووربەزاندنی خەیاڵیانەی رۆمانووس، چونکە لە کایەی خەیاڵکردندا رۆمانووس هیچ سنوور و بەربەستێک بە ئاریشە نازانێت، ئەمەش هۆکارێکە تاوەکو رۆمانووس لە رێگەی گێڕانەوەی زیاتری رووداوەکان، تاوەکو ئەو هزر و دونیابینییەی هەیەتی بە رێکتریت و کۆکترین شێوە بە خوێنەرەکانی بگەیەنێت. لێرەوە ئیستەتیکی تێپەڕاندن و چۆنیەتی مەزراندنی رووداوە خەیاڵییەکان و پێکەوە گونجانییان لەگەڵ رەگەز و توخمەکانی دیکەی رۆمان، رۆڵی خۆیان وازی دەکەن.

**2-4-2- رووداوی واقیعی**

رۆمان بەهۆی رووداوەکانییەوە، فۆرمێکی دیاریکراوی بۆ دەستەبەر دەبێت، بەو مانایەی ئەوە رووداوە دەستنیشانی فۆرمی رۆمان دەکات و هۆکارێکە بۆ لەخۆگرتنی ئەو ئایدیایەی رۆمانووس مەبەستیەتی وەک پەیامێک بیگەیەنێت، رۆلێکی گەورەش دەگێرێت لە چۆنیەتی پێکهاتنی بنەماکانی هونەری رۆمان ئەگەر بەشێوەی جیاوازیش بێت. ئەو جۆرە مامەڵەکردنەیە رۆمانووس لە وێناکردنەوەی رووداوە واقیعییەکانی نێو ژیانەوە ئەزموونیکردووە و هەوڵی گوێزانەوەی بۆ تێکست داوە، جیمس سکۆت بێڵ پێی وایە، (چونەوە سەریەکی رەوتی رووداوەکان، لێهاتوویی پێویستە، بەشێوەیەک تاکۆتایی تێکستەکە خوێنەر بە تامەزرۆییەوە بهێڵێتەوە)(BELL, 2017, p95 ). بەم هۆیەشەوە خوێنەر یاخود وەرگر وەک چاودێرێک وایە بەسەر گەشەی رەوتی رووداوەکان،

لەبەر ئەوەی خوێنەر رووداوەکەی لە واقیعی ژیانی خۆی بینیوە یاخود مەزەندەی ئەوە دەکات بەسەر ئەو رووداوە لە واقیعی ژیانی خۆیدا بکەویتەوە. هەر بۆیە ئەم شێوە ویناکردنە پێویستی بە وردەکاری و مامەڵەکردنێکی زرنگانەی تایبەتی رۆماننووس هەیە، لەبەر ئەوە خوێنەر وردەکارییەکانی رووداوەکان دەزانێت و ئاگەداری زۆرێک لەو رەهەندانەیە کەوایکردووە رووداوەکان رووبدەن، بۆیە هەر لادان و رێرەو گۆرینی رووداوەکان، خوێنەر دڕدۆنگ دەکات و تامی لە واقیع چوونی لە دەم بەردەبێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە لە وێناکردنی ئەم جۆرە رووداوەدا رۆماننووس لەبەردەم بەرپرسیارەتییە و وا پێویست دەکات ئەرکی ئەم بەرپرسیارەتییە بە جوانی ئەنجام بدات. نەجم ئەڵوەنی (دکتۆر)، پێی وایە لە پاڵ لایەنە هونەرییەکانی بنیاتی رووداودا دەبێت هەوڵ بدات پەیوەندییەک لەنێوان رووداوەکان و واقیعی کۆمەڵایەتیدا رێک بخات، چونکە هەرچەندە رووداوەکان بەرەو ناواقیعی بچن ئەوەندەش مەترسی ئەوە لە ئارادا دەبێت کە خوێنەر بێزار بکات و بەردەوام نەبێت لە خوێندنەوەی دەقی رۆمانەکە(ئەڵوەنی، ٢٠١٧، ل١٠٥). جا دەشێ رۆماننووس سەرچاوەی روودانی رووداوەکانی لە رووداوێکی مێژوویی یاخود فۆلکلۆر...هتد، وەربگرێت، ئەوەی لێرەدا گرنگە چۆنیەتی گواستنەوە و تەوزیفبوونی ئێستاتیکای رووداوەکانە نەوەکو گرنگی ئەو بابەت و رووداوانەی وەک مێژوو یاخود هەر زانیارییەکی تر لە مەعریفە و ئاوەزی تاک و کۆمەڵگە بوونی هەیە. حەمە سەعید حەسەن لە کتێبی هونەری چیرۆک، دەڵێت: ((ئەگەر لە خولْقاندنی ئەو جیهانەدا کە وێنەی دەکێشین، سەرکەوتوو نەبین، ناتوانین وا بکەین خوێنەر بڕوا بەو چیرۆکە بکات کە دەیگێڕینەوە))(حەمە سەعید، ٢٠١١،ل٦٣). ڕووداوی نێو ڕۆمانی کوردیی (لە واقیعی کەسایەتییەکانەوە) لە واقیعی دونیای ئەزموونکراویانەوە هەڵێنجراوە و بەهۆی ڕەگەزەکانی ترەوە، بەرجەستە کراوە، وەک لە کارەکتەری فەرهادی نیگارکێشی نێو رۆمانی (هوتێل ئەوروپا)ی فەرهاد پیربال، ڕاستیی ڕیالیستی بوونی ڕووداو دەسەلمێنن. نیشاندانی ڕووداو بەشێوە ڕیالیستییەکەی ئەوپەڕی ڕاستگۆیی گێڕەڕەوە نیشان دەدات، کەچی ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت، وەک ئەوەی جۆن گاردنەر لە کتێبی هونەری چیرۆک پێی وایە جۆرێك لە بە گەمژە زانینی بەرامبەر(خوێنەر)ی لێوە دەبینرێت، وەك لەبەرهەمی ئاهەنگی بازدانی بۆق لە وڵاتی کالاڤێرسای مارك توین دەبینرێت(Gardner,1984, p22). بە پێچەوانەی ئەمەشەوە هاشم ئەحمەدزادە لە کتێبی گێڕانەوەناسی، وای بۆچووە هەر گێڕانەوەیەک بپرژێتە سەر رووداو گەلێک کە گێڕەڕەوە وەستایانە و شارەزایانە هەموو کەلێن و قوژبنێکیان دەناسێت و دەزانێت، دواجار بە سەرکەوتوویی دەگێڕدرێتەوە. وەڕاستی چوونی گێڕانەوەکان دەبێتە هۆکاری متمانەسازیی زیاتر لای خوێنەر(ئەحمەدزادە، ٢٠١٨، ل٥١). لێرەوە تێدەگەین، رووداوە واقیعییەکانی نێو رۆمان بۆ گەمەکردن بەهەستی خوێنەر نییە و بازرگانیکردن بە وشەش نییە، بەڵکو هاوبەشیکردنی ئەزموونی کارەکتەرە و کەسایەتییەکانی نێو رۆمانە بە خوێنەران. لەم بارەیەوە حەمەسەعید حەسەن لە کتێبی رۆمان و ژیاننامە، سەبارەت بەم شێوە مەزراندنەی رووداو نموونەی ئەلیزابێل ئەلیندی هێناوەتەوە و دەڵێت:( لە چنینی رووداوەکان و بەرجەستەکردنی کارەکتەرەکان ئەوەندە وردبین و لێزانە، هەر دەڵێیت بۆ نووسنی رۆمان خوڵقاوە، کە رووداوێک دەگێڕێتەوە، خوێنەر وەک سیحری لێ کرابێت، دەبێت بە بەشێکی زیندوو لێی و وا هەست دەکات، ئەو رووداوە لەخۆی قەوماوە)(حەسەن، ٢٠١٨، ل٨٦). لێرەوە لەوە دەگەین ئیستەتیکی رووداو، لەوەدانییە، رووداوێکی گەورەی نێو ژیانی مرۆڤایەتی بکەیتە بابەتی رۆمان، بەڵکو ئێستەتیکی رووداو لەشێوازی پێشکەشکردنی رووداو دایە. پاشان رۆماننووس بەشێوەیەکی سەرتاپاگیر رووداوەکانی تایبەت بەکەسێک یاخود کۆمەڵە کەسێک بەشێوەیەکی بەرفراوان ناگێڕێتەوە، بەڵکو پاژێک یاخود بەشێکی ئەو رووداوانە لە گۆشەیەکەوە دەگێڕێتەوە، لەگەڵ رەگەز و توخمەکانی دیکەی رۆمان ئیستەتیکێک دروست دەکەن، سەرنجی خوێنەر کەمەندکێش دەکەن.

**3- تەوەرەی دووەم**

بەر لەوەی باس لە ئێستاتیکای بابەت و رووداوی نێو رۆمانەکە بکەین، بە پێویستی دەزانین لەتێڕوانینی چەمک و پێناسەی ئێستاتیکاوە، کەوا لە بەشی تیۆری ئەم باسەدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئێستاتیکای ئەم ڕۆمانە نیشان بدەین.

ئەم رۆمانە لە هەناویدا ئێستاتیکایەک رۆنراوە، هێندە ئەفسوناوی و جادوگەرە، خوێنەر هەست دەکات لەبەردەم دونیایەکدایە، تیایدا بەسەر رووداو و دۆخی ژیانی کارەکتەرەکانی نێو رۆمانەکەدا دەکەوێتەوە، تەنانەت پێشتریش لەلایەن مرۆڤی سەردەمانی زووش درکی پێکراوە. ئەم رۆمانە بەسەر بیست و دوو بەش دابەشکراوە، هەر بەشێک بابەتێکی دیاریکراوی بۆ دیاریکراوە و لەو چوارچێوەیە دەخولێتەوە، بەو مانایەی بابەتێک دووتوێی باسکردنی هەریەک لەو بەشانەیە. ئەگەرچی لەکۆی بەشەکانی ئەم تێکستەدا، ڕایەڵەیەک هەیە بابەت و رووداوەکانی بەیەکەوە بەستۆتەوە، بەمەش ئێستاتیکایەکی بەرهەم هێناوەتەوە تیایدا مەبەستیەتی بابەتی سەرەکی تێیدا جێبکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش رۆڵی شێمەحموو، وەک فیگەرێک و کارەکتەرێکی نێو رۆمانەکە،

تەواوی بابەتەکان دەچنەوە سەر ئەرک و فەرمایشتەکانی ئەو زاتە. ئەم رۆمانە خاوەن مەعریفەیەکی فراوان و دونیابینییەکی گەورەیە، بابەت و رووداو لەنێو ئەم رۆمانەدا، ئێستاتیکایەکیان سازاندووە، تیایدا هارمۆنییەتێکی سەرنجراکێشی لێوە دەبینرێت. تێکهەڵکێشی و چوونەوە سەر یەکتری بابەت و رووداوەکانی نێو ئەم رۆمانە گرژی و ئالۆزییەکانی بە جۆرێکە، خوێنەر تووشی تێرامان و تێدامان و ڕاڕایی و نیگەرانی دەکەن، ئەمەش وەکو هەر تێکستێکی زیندوو، نەمری بۆ ئەم رۆمانە دەستەبەر کردووە.

**--3- 1ئێستاتیکای بابەت**

له ناونیشانەکەوە تێیدەگەیت نووسەر بە مەبەست، ئەو ناونیشانەی هەڵبژاردووە. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا لەپاڵ ئەو وێنە تراژیدیانەی دووبارە دەبنەوە و جوان خۆی نمایش دەکات، ئەوەیە لە وەسفی جوانی، لە باس و پێناسی پیاو و تێروانینی بۆ ژیان و ژن ناکەوێ. پڕە لە وێنەی ئیرۆتیکی، لە هەمان کاتیشدا پەیامی مەعریفی قووڵی هەڵگرتوون لە دواندنی خودا و هێنانەوەی نموونە لەسەر ئافراندنی ژن، کە چۆن ئەوپەڕی سەلیقە و هونەرکاری لە دروستکردنییاندا کردووە. تا زیاتر ڕۆبچییت ئەوەندە گەوهەری جوان لەم ڕۆمانەدا دەدۆزییەوە. ئەوەی لەم ڕۆمانەدا وەک پەیامێک خۆی دەردەخات، ئەوەیە، ئەگەرچی ئەم ڕۆمانە بە زمان و تەکنیکێکی جوان نووسراوە و دابەشکاریەکی سادە و گونجاوی هەیە، هەروەها خوێنەر ماندوو ناکات و ڕووداوەکان ڕوون و بێ تەمومژن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم رۆمانە خوێنەرێکی گەرەگە ئاگەداری وردەکاری نووسینی رۆمان بێت، بۆیەشە خوێندنەوەی ئەم رۆمانە خوێندنەوەیەکی ئاسایی نییە، لە دوای خوێندنەوەی چەند بەش و پاژێکی رۆمانەکە، هەست بەوە دەکەیت کەوا چۆن بە شارەزاییەکی ووردو و زمانێکی پڕی بڕوا بەخۆبوونەوە خوێنەر لەناو دێڕەکانیدا بەند دەکات.

ئەم رۆمانە لە بیست و دووبەشی تارادەیەک لەیەکتر جیاواز پێکهاتووە، جیاوازبوونی بابەتی نێو پاژەکانی ئەم رۆمانە، بەو مانایە نییە لە رووی ناوەرۆک و چوونەوە سەر هێڵی گشتی، تەواو لێکدی جیاوازبن، بەڵکو ئەم تێکستی رۆمانە لە خستەرووی بابەتی هەر بەشێک لەم بیست و دووبەشە، شێوەی گێڕانەوەیان، جیاوازییان لەنێوان دروست دەکات. بەسەرنجدانمان لە بابەتی رۆمانەکەوە ئێستاتیکایەک رەنگرێژکراوە، کەوا ئەو بابەتەی لە بەشی یەکەمی رۆمانەکەوە خراوەتە روو دەبێتە بنەمایەکی رێگەخۆشکەر بۆ خستنەرووی پاژی دووەمی رۆمانەکە. هەربۆیەشە پاژی یەکەمی رۆمانەکە لەگەڵ پاژی دووەمی لە رووی پێکهاتە و تەکنیکەوە، گرێدراوی یەکترن. بۆ ئەم مەبەستەش رۆماننووس لە سەرەتای دەستپێکی رۆمانەکەوە، ئەوە ئاشکرا دەکات، کەوا چەندان رۆمانی بەناوبانگی میللەتانی خوێندۆتەوە، بەڵام لاسایی هیچ کامێکیان ناکاتەوە، بەڵکو بابەتی نێو ئەم رۆنانە زادەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆیەتی، لە هەناوی ژینگەی تێدا ژیاوی خۆیەوە بابەت و رووداوەکانی هەڵێنجاوە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((من رۆمانم زۆر خوێندۆتەوە....دەزانم ئێستا هنری باربۆس وادەزانێ باسی رۆمانی دۆزەخی ئەو دەکەم.... کامۆش وادەزانێ بە رۆمانی نامۆی ئەو دەست بەم پرۆژەیە دەکەم......کازانزاکیش وا چاوەڕوان دەکات کورتەی رۆمانی برایانی ئەو لەم بوارەدا دەسپێکی من بێ.....لەم بوارەشدا مەکسیم گۆرکیش سوور وادەزانێ هەر ئێستا بە هەندێ وشەی شاعیرانە باقڵ فریو دەدەم دەیکەم بە پاڵەوانی رۆمانەکە))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٩-١٢). لێرەوە تێیدەگەین، ئەوەی ئێستاتیکای بابەتی ئەم رۆمانەی دەرخستووە، چاولێکەری و لاساییکردنەوەی بابەتی هیچ رۆماننووس و نووسینی هیچ رۆمانێکی دیکەی نووسەرانی ئەم بوارە، لە نووسینی ئەم رۆمانەدا بە هەند وەرنەگیراوە. بەڵکو لەسەر زاری خۆیەوە دەڵێت: ((من ئێستا حەز ناکەم بە کار و کردەوەی هیچ پاڵەوانێکی هیچ رۆمانێکەوە سەرسام بم و دەمەوێ خۆم وەکو خواوەندێک لە خواوەندە ئەفسانەییەکان پاڵەوانێک بئەفرێنم و پرۆسە و پرۆژە و کودەتا دیار و نادیارەکانمی پێ ئەنجام بدەم))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل١٤). ئەم تێگەیشتنە، دەمانباتەوە سەر ئەو ڕاستییەی رۆماننووس و بابەتی رۆمانەکە، مەبەستیەتی لە رێگەی ئیستاتیکای پاژ و بەشەکانی رۆمانەکەوە پەیامێک بگەیەنێت.

مامەڵەکردنی رۆماننووس لەگەڵ بابەتی نێو رۆمانەکە، مامەڵەکردنێکی ئاساییە و بەشێوەیەکی ئالۆز نەخراوەتە ڕوو، بەڵکو شێوە مامەڵەیەکی ئێستاتیکی و هونەری لە بەرانبەر بابەت خراوەتە ڕوو، لەم رۆمانەدا دوو چیرۆک کەوا تایبەتن بە دوو کارەکتەر، دەبنە ماکی سەرەکیی بابەتی رۆمانەکە. بابەتی ئەو دوو کەسایەتییە بابەتی جیاوازن. بەهۆی چەند ئاماژەیەکەوە، درک بەو جیاوازیانە دەکرێت و لەیەکتری جیا دەکرێنەوە. بۆ نموونە بابەتی خۆشەویستی و ئەو هاوسۆزییەی سەعدە خانی ژنی شێمەحوو تاکۆتایی رۆمانەکە وەک سێبەرێک بەسەر پاژ و بەشەکانی رۆمانەکەوە دیارە، بێگومان ئەم بابەتە سەرەکییە تێکەڵی چەندان وردە بابەتی دیکەی پەیوەست بەم گێڕانەوەیە تێکەڵکێشکراوە، ئەمەش بۆخۆیی رایەڵەیەکی ئێستاتیکی دروستکردووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((خاتوو سەعدەی خێزانی هەرگیز کەس گلەییەکی لێی نەبیست.... دەیگوت شێخ چاوبرکێ لەگەڵ کچە جنۆکەکاندا دەکات و بەچاوی خۆم بینیومە لەگەڵ کچە جنۆکەیەکی جواندا یەکدیان ماچکردووە.... سووریش بۆم دەرکەوتووە شێخ دوعای جەزبە دەزانێ هەر

کچێکی جوان ببینێ ئەو دوعایە دەخوێنێ و یەکسەر کەمەندکێشی دەکات))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل١٧). لە سەرەتادا خوێنەر وا هەست دەکا، کەسی یەکەم(سەعدە خانی ژنی شێمەحموو)، گێڕەرەوەی سەرەکیی و مەبەستی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، هەروەها گێڕانەوەی چیرۆکەکانی سەرەتا و دەستپێکی ڕۆمانەکەیە. بەڵام دواتر دەبینین بەهۆی گێڕانەوە و ڕووداوی ژنە جنۆکەکەوە(میدۆزا)، کەسی دووەم دەبێتە مەبەستی سەرەکی دەقەکە و تەواوی ژینگەی ڕۆمانەکەی بۆ تەرخان دەکرێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: (( پێشنیاری ئەوەم بۆ کچە جنۆکەکە کرد کە ببێ بە پاڵەوانی ڕۆمانەکەم.... گوتی من هەرگیز نەبووم بە پاڵەوانی هیچ ڕۆمانێک و دەترسم لەم کارەدا شکست بێنم... پێم گوت سەرکەوتن و تێکشکان لەم ئەرکەدا گرنگ نییە و هونەر لەوەدایە تۆ دەورەکەت بە جوانی ئەنجام بدەی))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل١٧). هەر بۆیە لەم ڕۆمانەدا درێژەی ئەم بابەتە بە ئاراستەی پاڕاڵێل لەگەڵ بابەتی شێمەحوو و سەعدە خانی خێزانی، هەنگاو هەڵدێنن، بێگومان بەشێوەیەکی ئێستاتیکی بەیەکەوە پەیوەست کراون. بۆ ئەم مەبەستەش لەنێو ڕۆمانەکە سەبارەت بە بابەتی میدۆزا هاتووە، ((ئەم کارانەی پێت دەسپێرم بە تەواوی بەرجەستەیان بکە..... هەر بۆ نموونە ئەگەر دەوری میدۆزام پێسپاردی دەبێ بێ سڵکردن سەیری هەموو کەسێک بکەیت و بیکەی بەبەرد... ڕەنگە لەو کاتەدا دەزگیرانەکەت ڕووبەڕووت بێ.... تۆ دەبێ بە ئاگا بی و نەیەڵی ژێی گیتاری هەستت سۆز و بوزەیی تیادا بێ و دەسبەجێ سەرنجی بدەیت و بیکەی بەبەرد))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل١٨). کەسی یەکەم ڕۆڵی ڕێگەخۆشکەر دەبینێ و سەرەتا و دەستپێکی ڕۆمانەکە بە ڕووی بابەتی کەسی دووەمدا ئاوەڵا دەکات، بەهۆیەوە دیسکۆرسی دەقەکە بەهۆی کەسی دووەمەوە دەخرێتە ڕوو. لەنێو ئەم ڕۆمانەدا سەعدە ڕۆڵی قوربانی وەردەگرێت لە پێناو دەرکەوتنی کەسی دووەمدا. گرینگیدان بە ژیان و ڕووداوی کەسی دووەم وا دەکات کەسی یەکەم بکەوێتە پەراوێزەوە. چونکە گوتاری سەرەکیی ڕۆمانەکە لەڕێگەی کەسی دووەمەوە خۆی بەیان دەکات و ئاشکرا دەبێت. ئەم جۆرە تەکنیک و ئێستاتیکایەی لەم ڕۆمانە بەکارهاتووە، ڕۆماننووس وەک لێزان و شارەزایەک دەردەخات، بێگومان ئەم جۆرە نووسین و هەوڵەی ڕۆماننووس لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی زۆری تێکست و دەقە بیانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە لە چۆنیەتی ڕەنگرێژکردنی ئێستاتیکایانەی نێو تێکستەکە، ئەو ئەزموونەی لەپشتیەوەیە، خۆی دەردەخات.

ئێستاتیکای بابەت لەنێو ئەم ڕۆمانەدا بە دەستگیرۆیی پرەنسیپ و بنەماکانی هونەری نووسینی ڕۆمان، ڕۆماننووس پەنای نەبردۆتەبەر بەکارهێنانی ڕەمز بۆ گەیاندنی ئامانج و مەبەستەکانی، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕوون بابەتی نێو ڕۆمانەکەی باس کردووە. ئەمەش وادەکات خوێنەر لە سەرنجدان و گەڕانی بە دوای بابەتی ڕۆمانەکە، تووشی لێکدانەوەی ئالۆز و هەڵخلیسکانی فیکری نەبێت، بەڵکو خوێنەر ڕاستەوخۆ بە بابەت و کۆمەڵێک شوێنکاتی جیاواز ئاوێتە دەبێت. بابەت وەک یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتەی تێکستی ڕۆمان، ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە تێگەیشتن و پەیام گەیاندنی بە خوێنەر. لەم ڕۆمانەشدا بەشێوەیەکی ئێستاتیکی، بابەت خوێندنەوەیەک فەراهەم دەکات، کەوا سەرجەمی ڕۆمانەکە وەک دۆخێکی دینامیکیی، ڕۆمانەکە پەرە پێدەدات. بۆ نموونە لە باسی شێمەحموو و سەعدە خانی خێزانی شێمەحموو، باس و بابەتی نێوان ئەم ژن و مێردە، کە ئەگەرچی شێمەحموو کارەکتەری سەرەکی و بابەتی نێو ڕۆمانەکەیە، بەڵام بە شێوازێکی ئێستاتیکی، بابەت و باسی ئەمانە وەک ڕایەڵەیەک و دەزوویەک دەچێتەوە سەر هەموو ئەو باس و خواسانەی لەنێو ڕۆمانەکەدا سازاندراوە، هەروەک لە ڕۆمانەکەوە دەڵێت: ((لە ڕاستیشدا شێمەحموو ئەگەرچی هەموو سورەتەکانی قورئانی پیرۆزی لەبەر بوو وەکو خەڵکیش دەیانگێڕایەوە چەندین شێت و دێوانە و نەخۆشی چاک دەکردەوە و بە زەبری ئایەتلکورسی سکی ژنی نەزۆکی پڕ دەکرد..... هەمیشە خەریکی کڕینی عەتر و ئاوێنە و دەستەسڕی جۆربەجۆر بوو، خاتوو سەعدەی خێزانی هەمیشە لێی زویر بوو، بەڵام هەرگیز کەس گلەییەکی لێی نەبیست))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل١٦-١٧). لەم ڕۆمانەدا وەزیفەی بابەت تەنها ئەوە نییە لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا، چیرۆکێکمان پێ ئاشنا بکات و ڕەوتی ڕووداوەکان بەیان بکات، بەڵکو لە پاڵ گەشەدان و بەرەو پێشەوەبردنی بەسەرهاتی تێکستەکە و بەیەکەوە گونجانی لایەنە هونەرییەکانی دیکە، ئەوا لەم ڕۆمانەدا بابەت خودان سیحرێکە، خوێنەر پەلکێشی دوا خاڵی خۆی دەکات. هەربۆیەشە لەم تێکستەدا ئێستاتیکا وامان لێدەکات بە دوای هەڵدانەوەی ڕووپەری ئەم ڕۆمانە بکەوین و لە خوێندنەوەی ماندوو نەبین. هەروەک لەنێو ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێدراوە، کەوا ڕەوتی گەشەی ڕۆمانەکە لێخوێندنەوەی بابەت دەستەبەر دەکات بەڵام بەشێوەیەکی ئێستاتیکی، بابەت هارمۆنییەتێکی سەرنجکێشی دروست کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((من لەم ڕۆمانەدا ناوێکی گرنگ بە تۆ دەبەخشم... ناوت دەنێم جاویدانی، ئەمە ناوێکی سەیرە ئەگەر تۆ کارەکانت بە کارامەیی جێبەجێ بکەی تۆش وەکو پاڵەوانی دی داستان و ڕۆمانەکان زیندوو دەبی..... هەر بۆ نموونە وەکو زین کە ئەحمەدی خانی لە داستانی مەم و زیندا باسی دەکات))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل١٨). ئەوەی لێرەدا بەدی دەکرێت جاویدانی ناوی پالەوانێکی نێو ڕۆمانەکەیە، لە بابەتی خۆشەویستی و

دڵگیری سەعدە خانی شێمەحموود، درێژ دەبێتەوە و دەچیتەوە سەر ئەو خۆشەویستییە نەمرەی کەوا ئەحمەدی خانی لە مەم و زینەکەیدا باسی کردووە. ئەم دەزوولە باریکەی ئەم بابەتانەی بەیەکەوە گرێداوە، لێهاتووی و دەستڕەنگینی رۆماننووس دەردەخات، لە هەنبەر ئەو چوونەوە سەریەکەی بابەت و ئێستاتیکایەی خوڵقاندوویەتی. هەر بۆیە بابەت لەم رۆمانەدا بەشێوەیەکی ئاسایی بەدوای یەکدا هاتووە و کرۆنۆلۆژی تێکستەکە نەشێوێندراوە، بەو مانایەی لە چوارچێوەی زەمەن و زەمینی نێو تێکستەکە، بە زنجیرەیەکی رێکخراو و یەک لەدوای یەک بابەتی پاژە جیاوازەکانی رۆمانەکە دەچنەوە سەر یەکتر. بابەتی تێکستەکە لە رووی بەردەوامی رۆمانەکەوە، هەڵگری ئالۆزی و ناروونی نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی ئاسایی و خێرا لە پاژە جیاوازەکان یەک لە دوای یەک خراوەتە روو.

چەند سیمایەک بە ئێستاتیکای بابەتی رۆمانەکەوە بەخشراوە، پێویستی بە سەرنجدان و لێ وردبوونەوەیەکی قووڵ هەیە بۆ دۆزینەوەی بابەتی سەرەکیی رۆمانەکە. یەکێک لە خاڵە گەش و دیارەکانی ئێستاتیکای بابەتی ئەم رۆمانە، رۆماننووس لەبەریەککەوتنی تێکست و خوێنەر، بەهۆی سیحری گێڕانەوە، ئەم دوو جەمسەرەی بەیەکەوە بەستۆتەوە. هەوڵیداوە بە هیچ جۆرێک تێکستەکە لە بەرانبەر خوێنەردا تووشی چەقبەستوویی نەبێت، بەم هۆیەشەوە وای کردووە خوێنەر درک بەوە نەکات لە دەرەوەی بابەت و رووداوەکانە، بەڵکو سیحری ئەم تێکستە لە خستنەرووی بابەتدا، خوێنەر بەشێوەیەک پەلکێش دەکات وەک چاودێرێکی رووداوەکان خۆی دەبینێت، خۆی بە بەشێک لە گێڕانەوە و بابەتی نێو پاژە جیاوازەکانی رۆمانەکەوە دەزانێت. ئەم جۆرە مامەڵەکردنەش ئەو سیحرەیە خۆی لە جووڵەی بەردەوامی گێڕانەوەکە دەردەکەوێت. ئەم راستییە لە پاژە جیاواز و گێڕانەوە جیاوازەکانی نێو رۆمانەکەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆ نموونە دەڵێت: ((وەکو ئەحمەدی خانی لە پاژی حەوتەمی داستانی مەم و زیندا باسی دەکات))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل١٩). پاشان رۆمانە لە گێڕانەوەی دواتر زەمین و زەمەنێکی دیکە دەخاتە نێو بابەتەکە بۆ نموونە دەڵێت: (( هەرگیز بە زەینتدا نەهاتووە کە ئەم شارەی تیایدا دەژیت شاری کفرییە))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٢٢). پاشان بابەت گوێزانەوەیەکی دیکەی تیایدا روودەدات بۆ نموونە، ((یەکەمیان لەناو بازارەوە و رێک و رێک لەبەردەم چاخانەکەی حەمە سنەییەوە))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٢٣). هەروەها دەڵێت: ((دووەمیان لە بەرامبەر قاپی بەغداوە و رێک بەتەنیشت ماڵی شێمەحمووی دوعا نووسەوە))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٢٣). پاشان بۆ ئەوەی خزمەتی بابەتی سەرەکی رۆمانەکەی دەستەبەر بکات، هەوڵیداوە لەسەر ئەم یارییە ئێستاتیکیانە بەردەوام بێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بەردەوام لەمەڕ تێگەیشتنی بابەتی سەرەکییەوە، تووشی تێدامان و بیرکردنەوەیەکی بێزارکەرانە نەبێت، بۆ نموونە دەڵێت: ((باسی جێگایەک دەکرێ واتا باسی هەموو جێگاکان دەکرێ، ..... هەر بۆ نموونە کە باسی چیای باوەشاسوار دەکەم واتا باسی قەندیل و پیرەمەگروون و زۆزک و خاڵخاڵان و حەمرین دەکەم))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٤٥). لەم رۆمانەدا ئەگەر بە سەرنجدانێکی وردەوە لێی رابمێنین، دەبینین بابەت بەهۆی جووڵەی خێرای دیمەن و رووداوەکان، بوار نادات خوێنەر هەڵوەستەیەک یاخود پشوویەک بدات، بەم هۆیەوەشەوە رۆماننووس هیچ پاژێکی نێو رۆمانەکەی بۆ ئێئاخنینی بیروڕا و ئەندێشەکانی خۆی تەرخان نەکردووە، تاوەکو بەو هۆیەوە خوێنەر هەست بە نائامادەیی بکات یاخود هەست بەوە بکات لە دەرەوەی ئەم تێگەیشتنەوەیە، کەوا رۆماننووس یاخود گێڕەرەوە خستوویەتییە روو، بەڵکو تێکستەکە لە دینامیکییەتی خۆیدا ئێستاتیکایەکی بەرهەم هێناوەتەوە، بەردەوام دەجمێ و شوێن دەگۆڕێت و کات گوزەر دەکات. هەربۆیەشە خوێنەر لەگەڵ رەوتی بابەت و هێڵی گشتی رۆمانەکە بەردەوام لە جووڵەدایە. ئەو خێرا گوزەرکردنەی رەوتی رووداوەکان، جووڵەی کارەکتەر و بابەتی جیاوازتر دەخوڵقێنێ و شوێنکاتی نێو رۆمانەکە دەگۆڕێت. خوێنەر دەکەوێتە سەر ئەو هێڵە خێرایە و ناتوانێت بوەستێت و خۆی لەو هێڵە دەرباز بکات، چونکە لادان یاخود خۆدەربازکردن لەو هێڵە، بە مانای دەرچوون یاخود نائامادەیی خوێنەر دەگەیەنێت. لە هیچ شوێنێکی رۆمانەکەدا، هەست بە دووبارە بەرچاوخستنەوەی رووداوەکان ناکرێت، تاوەکو بابەتنێو پاژە جیاوازەکانی نێو رۆمانەکەی پێ تەواو بکات.

**2-3 ئێستاتیکای بابەت و رۆڵی رۆماننووس**

رۆماننووس(لەتیف هەڵمەت)، بەسیفەتی ئەوەی ئەزموونێکی زۆری لە نووسینی شیعردا هەیە و مەعریفەیەکی فرە رەهەندی لەم بوارەدا دەستبەر کردووە. بەم هەناسە و گرتینەوە خامەی خستۆتەگەڕ بۆ نووسینی ئەم تێکستەی رۆمان. بەم هۆیەشەوە جۆرێکی جیاواز و نەفەسێکی جیاوازی لە نووسینی ئەم رۆمانەدا بەکارهێناوە. تیایدا ئێستاتیکای بابەت و پەیوەست بوون بە رووداوەکان لەترۆپکدایە. پاشان لە رێگەی تێکشکاندن و پەرتکردنی زەمەنی نێو تێکستەکە و هەڵگێرانەوەی رووداوە مێژووییەکان و پێدانی مانای جیاواز و خوێندنەوەی خودییانەی رۆماننووس بۆ مێژوو، لەوەش زیاتر تێکهەڵکێشکردنی زەمەنی ئێستا بە مێژوو و کەونارای ژیان و

دۆخی بیرکردنەوەو چۆنیەتی رەوتکردنی رەوتی سەردەمر و دۆخە جیاوازەکانی ژیان لە مەملەکەتی کفری، بەهایەکی ئێستاتیکی سەرنجکێشی بە تێکستەکە بەخشیووە و چێژێکی لە ڕادەبەدەری فەراهەمکردووە. هەر ئەمەشە وایکردووە لەتیف هەڵمەت لە پێناو گێڕانەوەی بیرۆکەکانی و گەیاندنی بەخوێنەر، ئێستاتیکای بابەت و رووداو بکاتە کەرەستەیەک بۆ خزمەتی تێکستەکەی.

پاژێکی دیکەی رۆڵی رۆماننووس لە مەزراندنی ئێستاتیکای بابەتی ئەمر رۆمانە لەوەدایە، کەوا کۆتاییەکەی داخراو نییە، تاوەکو لەو رێگەیەوە خوێنەر بە شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی کۆنکریتی بگات و وەڵامر و پرسیارەکانی لەنێو خودی رووداو و بابەتەکانی نێو رۆمانەکەوە دەست بکەوێت و خوێنەر دڵنیابێتەوە لە چارەنووس و دیسکۆرسی کارەکتەرەکان، رووداو، ململانێ، گرێ...هتد. بەڵکو لەتیف هەڵمەت چارەسەر و گرفتی رووداوەکانی بۆ خوێنەر جێهێشتووە و پرسیار و گومانی زۆری بۆ خوێنەر دروستکردوە. دەکرێت خوێنەر بۆ رەهەندە جیاواز و نەدۆزراوەکانی نێو تێکستەکە رۆبچێت و پرسیارگەلێکی زۆر، وێڵیان بکات، ئەمەش دەبێتە خاسیەت و تایبەتمەندییەک، کەوا بۆ زیندوویەتی تێکستەکە و هۆکاری مانەوەی جوانی تێکستەکەیە. هەر سەبارەت بە رۆڵی رۆماننووس و ئێستاتیکای بابەتی ئەمر رۆمانە لە پاژێکی دیکەوە، دەکرێ سەرنج بخرێتە سەر ژینگەی تێدا ژیاوی کارەکتەرەکان، لێرەوە رۆماننووس، بە مەبەستی دروستکردنی دۆخێکی ئێستاتیکی، ژینگە و کەشێکی ئالۆزی دروستکردوە، بەو مانایەی شوێن و زەمەنێک بەشیوەیەکی سەرنجڕاکێشکراو لەنێو تێکستەکەدا دیاری نەکراوە تاوەکو خوێنەر پەلکێشی دوایین خاڵی ئەمر ژینگە و سەرزەمینە بکات، بۆیە رۆماننووس ژینگەیەکی جیوەیی دروستکردووە، واتە بەپێی دابەشکاری پاژ و بەشەکانی تێکستەکە ژینگە و بارودۆخێک دیاریکراوە، ئەمەش جارێکیتر رۆماننووس مەبەستییەتی لە ریگەی ئەمر جۆرە یاریکردنە، باشتر بیرۆکەی رۆمانەکە و پەیامەکانی بگەیەنێت. لەمر پێناوەشدا ئیستاتیکای بابەت و رووداوەکانی نێو رۆمانەکە، لەنێو هاوکێشەیەکدا هێشتۆتەوە. ئەگینا وەستان و چەقبەستن لە چوارچێوەی ژینگە و کەشێکی دیاریکراو لە نێو رۆمانەکە، جۆرێک لە بێزاری و شەکەتی بۆ دەسازێ. بۆ ئەوەی دۆخێکی لەمر شێوەیە روونەدات ئەمر رۆمانە گواستنەوەی سەرنجکێشی لەنێو ژینگە و کەشی جیاوازی ژیان و بیرکردنەوە دروستکردوە، تیایدا وێنەی جیاواز و دیمەنی لەیەکتر نەچووی هێناوەتەوە، ئەمەش ئەوپەڕی ڕادەی ئێستاتیکی بە تیکستەکە بەخشیووە.

سەرەتا و دەستپێکی رۆمانەکە، بەهاتنە گۆی خودی رۆماننووس دەست پێدەکات، تیایدا بە شێوەیەک دەئاخفی، مەعریفە و لێزانین و شارەزایی خۆی لە دونیای خوێندنەوە و هەڵدانەوەی هەزارەها ڕووپەڕی کتێبی میللەتان نیشان دەدات. ئەمر شێوە مامەڵەکردنە لەلایەن خودی رۆماننووس نیشاندانی پانتایی و مەودایەکە، تیایدا کەسایەتی خۆی روون دەکاتەوە. ئەمەش یەکێکە لەمر مامەڵەکردنە سەرنجکێشانەی رۆماننووس لەمر رۆمانەیدا کردوویەتی، بەمر هۆیەشەوە ئێستاتیکایەکی نیشانداوەتەوە، تیایدا گێڕانەوەی بابەت و پەیوەستکردنی بە رووداو لە زاری کارەکتەرە سەرەکییەکەوە دەست پێدەکات. لێرەوە تەواوی وردەکارییەکانی تری گێڕانەوەکە سەربار دەکرێت، ئەمر زیادەیە خستنەسەر زانیاری گێڕانەوەکانی نێو ڕۆمان، رۆماننووس بە شیوەیەکی هونەرییانە، توانیویەتی بە گەریبخات. پاشان لە زاری کارەکتەرە سەرەکییەکانەوە بەرەو رووداني رووداوێک دەمانخزێنێت، ئەمەش پتر بۆ ئێستاتیکا و جوانی شێوازی گێڕانەوەیە، پاشان لە ڕێگەی پەخشکردن و دانەوەی زانیارییەکانەوە، خوێنەر دەبردرێتەوە سەر هێلێکی دیکەی گێڕانەوەی رووداوەکان، وا دەردەکەوێت رووداوێک و بابەتێکی دیکەی گێڕانەوەیی ڕوویداوە و جیاواز لە وردەکاری رووداوەکانی دیکە، ئەمەش جارێکی دیکە دەبێتە خالێکی گەش و کاریگەر، وەک سەرەتایەک وایە بۆ راکێشانی خوێنەر، چونکە زۆربەیجار ئەمر شێوە مامەڵەکردنە، کەمەندکێشکردنی خوێنەرە بۆ نێو جیهانی رۆمانەکە. بە خوێندنەوەی ئەمر رۆمانە، درک دەکەی. ئەمر رۆمانە تەنها لە پێناوی نووسینەوەی رۆمانێک نییە و بەس، بەو مانایەی هەست دەکەی تەنها نووسەر مەبەستی خۆدەرخستن و خۆبەرچاوخستن بێت بۆ ئەوەی وەک رۆماننووس دەربکەوێت. بەڵکو دەبینین ئەمر تێکستە هەڵگری بیرۆکە و ئامانجگەلێکی گرنگ و فراوانە، تیایدا وشە و زاراوەکانی نێوی زۆر بە وریاییەوە هەڵبژێردراون و مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، لێرەوە تێیدەگەین لەتیف هەڵمەت، ئامانج و بیرۆکەیەکی هەیە دەیەوێت لە رێگەی نووسینی رۆمانەوە بیخاتە روو. ئامانج و بیرۆکەکەش بریتییە لە کارکردن لەنێو مێژوو، تیایدا مێژووێک بەردیدە خراوە، کەوا شاری کفری و زێدی لە دایکبوونی رۆماننووس بەچەقی ئەمر کارکردنە وەرگیراوە. بەمر هۆیەشەوە رۆماننووس ئەمر مێژووەی تەوزیفی دونیای ئەدەب کردووە، دووبارە بە سەرنج و دونیابینی خۆیەوە رەهەندە جیاوازەکانی مێژووی ئەمر شارەی خوێندۆتەوە و تەنانەت لە هەندێک پاژی ئەمر رۆمانە، مێژوووێک دەسازێنێ، کەوا لەتیف هەڵمەتی پێدەناسرێتەوە، ئەمر شێوە مامەڵەکردنە لەگەڵ مێژوو، واتە هەڵگێر و وەرگێرکردنی مێژوو و دووبارە سازاندنەوە و مانا پێدانەوەی، ئێستاتیکایەکییان سازاندووە، لە ترۆپکی سەرنجداندایە.

**3-3- ئێستاتیکای رووداو**

یەکیک لەو تایبەتمەندیی و خەسڵەتە دیارانەی رۆمانی ژنەجنۆکەکانی شێمەحموو، ئەوەیە رووداو ئێستاتیکایەکی بەتێکستەکە بەخشیوە، لەتیف هەڵمەت بە چڕی کاری لەسەر رووداو کردووە و وەک بونیاد و توخمێکی سەرەکیی تەوزیفی کردووە. رۆماننووس رووداوی تەقلیدی تێک دەشکێنێ و رابردوو و ئێستا لەسەر چەندین ئاست و رەهەند تێکەڵاو دەکات، بەم هۆیەشەوە وابەستەیەک دروست دەکات، تیایدا شێوە ئێستاتیکایەکی سەرنجراکێش بەرجەستە دەکات. رووداو، ئێستاتیکای خۆی لەشێوازی مامەڵەکردنی ژنەجنۆکەکانی شێمەحموو، شێوازی ژیان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی تاک لە بەرانبەر رووداوی رووداوەکان، هەڵومەرجی ژیان، رەخساندنی دەرفەت، بەرجەستە دەکات، بەم هۆیەشەوە ئێستاتیکای رووداو لە شێوە و ناوەڕۆکی رۆمانەکەدا بەرجەستە دەبێت. ئەم رۆمانە بەرچاوخستنی کاریگەرییەکانی رووداوە لەسەر ژیانی مرۆڤەکان، چۆن بە رووداوی رووداوەکان گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤەکان دروست دەکات.

ئەم رۆمانە لەسەر دووئاست کاری لەسەر رووداو کردووە، ئەم دوو ئاستەش بەشێوەیەکی ئێستاتیکییانە بەیەکەوە گونجێنراون. ئاستی یەکەم/ رووداوی ژنەکەی شێمەحموو(سەعدە خان)، کەوا رۆمانەکەی لەسەر بونیاتنراوە، لەم ئاستەدا بەشێوەیەکی مۆنتاژ رووداوێک دەگێڕدرێتەوە، تێکەڵ بە دوو زەمەن و زەمینی جیاواز دەکرێت، بۆیە رووداو لە گفتوگۆیەکی کراوەدایە لەگەڵ رۆماننووس و خوێنەرەکاندا، ئەوەمان پێشاندەدات کەوا سەعدەی خێزانی شێمەحموو، دەگەڕێتەوە بۆ خەونبینینی ئەو ساڵانەی خۆی لەنێو رووداوەکاندا زیندوو دەکاتەوە و بەشێوەیەکی چڕ و خەست رووداوەکان دەگێڕێتەوە وەک فیلمێک نیشانی دەدات و لەو شوێنەی پێویستییەتی مۆنتاژی دەکات. لەم بارەیەوە رۆماننووس دەڵێت: ((من نەدەبوو ئەو نهێنییەی ژیانی خۆم بدرکێنم چونکە ژنێک لە شیراز حەزی لە منە و تامەزرۆی ئەوەیە لە بەلەمێک وشە دروستبکەم و دوو بە دوو خۆمانی تێهاوین و هەتا هەتایە لە ئاوەکەدا کۆچ بکەین و سەرنجی نەهەنگ و باڵندەی سەر درەخت و مانگی ناو شەپۆلی دەریا و زەریاکان و کەشتی و گەرمی یە شکاوەکانی لێواری بەندەرەکان بدەین))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٣٤). پاشان درێژە بەو نهێنییە دەدات و دەڵێت: ((ئەو ژنە ئەگەر بزانێ من لە رووبار و دەریا دەترسم رەنگە لە باخچە بچکۆلەکەی حەوشەکەیاندا دەریایەک دروستبکات لە ماچ و تووڕم بداتە ناوی و لە ترسا رایەڵی تانوپۆی ئەو رۆمانەم لە دەست دەربچێ))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٣٤). ئاستی دووەم/ رووداوی ئەو ژنەجنۆکەیەیە، کەوا وەک ئەلتەرناتیفێک لە ژیانی ناواقیعییانەی خۆی بۆ مەبەستی دەستکەوتنی زانیاری و هەندێک دەستکەوتی ماددی بەکاریهێناون. ئەم ژنە جنۆکانەش هەمیشە فەرمایشت و رێنماییەکانی شێمەحموویان وەکو خۆی جێبەجێ کردووە. لەم ئاستەدا شێمەحموو رۆڵی ئەو مایسترۆیە دەبینێ ریتمی تیمێک لە ژنە جنۆکەکان رێک دەخات. بیرۆکەیان پێشکەش دەکات و ساز و ئامادەیان دەکات بۆ رووداوی رووداوەکان.

رووداوی نێو پاژە جیاوازەکانی ئەم رۆمانە، کەڵێن و شەقلێکی لە نیشاندانەوەی بیرۆکەی سەرەکیی رووداوەکەوە دروست نەکردووە، بەڵکو لە مەودا و پانتاییەکدا گرێدراوی یەکتری کردوونەتەوە بەشێوەیەک ناوەخنی رۆمانەکە و دیاردە زەق و بەرچاوەکانی رووداو، گرێدراونەتەوە، چونکە دەبێ ئەو راستییە بزانین چەندین چیرۆکی جیاواز هەن لەنێو رۆمانەکەدا، لەگەڵ ئەوەشدا رۆماننووس خاڵی هاوبەشی لەنێوان هەموو چیرۆکەکانی رۆمانەکەیدا، بەیەکترییەوە پەیوەست کردووە. هەر بۆ نموونە لە پاژی یازدەهەمینی رۆمانەکەوە، رووداوێک خراوەتە بەرباس، ئەم رووداوە بۆتە بنەمایەک بۆ پاژێکی دیکەی دواتری رۆمانەکە، ئەوەی وایکردووە، هارمۆنییەتێک لەنێو پاژە جیاوازەکانی رۆمانەکەدا سەبارەت بە رووداوە جیاوازەکانەوە هەبێت، ئەو مامەڵە ئێستاتیکیەیە، کەوا رۆمانەکە لەگەڵیدا کراوە. بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستییە سەرنج دەدەینە پاژی یازدەهەمین و دەڵێت: ((بە ڕاست نەچیتە دەرەوە دەڵێن لاوێکی تارمایی لە شاردا پەیدا بووە کچان بە چنگاڵ دەخوات.... شتی زۆر سەیری لێدەگێرنەوە، دەڵێن کچۆڵەیەکی داوە لە شیش و وەکو مریشک برژاندوویەتی و خواردوویەتی))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٥١). ئەوەی لیرەدا دەردەکەوێت، رووداوێکی نێو رۆمانەکەیە، بە شێوەیەکی ئێستاتیکایی بە پاژێکێکی دیکەوە بەستراوەتەوە، بەو هۆیەوە تاوەکو لەم رووداوە نەگەیت ناتوانیت رووداوەکانی داهاتووی بەشەکانی دیکە، بەرچاو روونیت پێبدەن، بۆ نموونە وەک ئەوەی باسمان کرد، لە پاژی دوازدەیەمی نێو رۆمانەکە، دەڵێت: ((ئەگەر لەبیرتان مابێ لە بەشێکی دیدا باسی خانوویەکی دەرگا داخراوم بۆ کردن))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٥٣). ئەم بەیەکەوە گرێدان و چوونەوە سەریەکی رووداوەکان، ئێستاتیکای تێکستەکەی گەیاندۆتە ئەوپەڕی، پاشان هەر لەنێو رۆمانەکەوە بۆ بەیەکەوە گەیاندنی سەرەداوی رووداوەکان، رۆماننووس خاڵی بەیەکەوە گەیاندنی رووداوەکان بە شێوەیەکی لێهاتووانە، سازاندووە، بۆ نموونە سەبارەت بەم رووداوانەی سەرەوە دەڵێت: ((دەشڵێن ئەو رووداوە راستە و یەکێک لە دێوە

جادوبازەکانی شێمەحموو زیندوو بۆتەوە...... من خۆم باوەڕم بەمجۆرە واتو وتانە هەیە))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٥٢). لێرەوە تێیدەگەین، هەر رۆمانێک لەگەڵ خۆیدا تەکنیکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئێستاتیکا و رووداوی ئەم رۆمانە، پەلە و دەستەپاچەیی تێدا بەدی ناکرێت، ئەگەر لە وشە و تەونی رستەکاندا بروانین دەبینین بەهێوری و هێواشی تەنراون.

تێکەڵبوونی هەردوو ئاستی رووداو، دەچنەوە ناویەکتر و لایەنێکی دینامیکی گێڕانەوەی رووداوەکانی ئەم رۆمانە، گەمەی تێکەڵکردنی ئەم دوو ئاستەی رووداوە. کەوا هەریەک لەم دوو ئاستە لە رەوتی گەشەی خۆیانەوە، پەرە بە یەکتر دەدەن. رووداوەکان خەسڵەتێکی ئەفسانەیی دەگرنەخۆ، لەدووتوێی گوزارشتێکی ئیستاتیکییانە، بۆیە رووداوەکان قەبارە و بارستاییەکی وێنەیی ناگرنەخۆ، بەڵکو هەموو رووداوەکان بە ئاوازێکی حەقایەتی نەگۆر دەگێردرێنەوە. گێڕەرەوە پێمان دەڵێت ژنە جنۆکەکان رۆڵیان لە دۆزینەوە و زانیاری پێدانی سەرزەمین و زەمەنی رووداوەکاندا هەیە. هەروەک لە پاژی شازدەیەمینی ئەم رۆمانەوە، رووداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، تیایدا ئیستاتیکا رۆڵی بەرچاوی بینیوە لە چوونەوە سەر ئەفسانە، بەو مانایەی ئەو رووداوەی لەم پاژدە ئاماژەی پێکراوە، ئەگەرچی ئەفسانەیە، بەڵام لەنێو رۆمانەکەوە بەو دۆخە ئێستاتکییەی هەیە، باڵاترین و جوانترین دیمەنی بە کۆی رووداوەکانی ئەم پاژە بەخشیووە، هەروەک دەڵێت: (( جارێکیان رێگام کەوتە وڵاتێک دانیشتوانی وڵاتەکە هەمیشە دووناودوونیان دەکرد و کەسی وا هەبوو لای بەیانی مرۆڤ بووە و لای ئێوارە بووە بە مانگا و شەویش بووە بە پشیلە و راوە مشکی کردووە))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٦٩). پاشان ئەم رووداوە درێژ دەبێتەوە بەو دۆخە ئیستاتیکایەی هەیەتی، بۆ نموونە لەنێو رۆمانەکە بەم شێوەیە درێژەی پێدراوە، ((جارێکیان لەگەڵ کچێکدا حەزمان لێکدی بوو کچەکە گفتی دامێ کاتژمێر حەوتی ئێوارە لەبن تاقەدار هەنارەکەی پارکی خۆشەویستیدا چاوەڕوانم بکات... بۆ ئێوارە کاتژمێر حەوتی تەواو گەیشتمە تەنیشت دار هەناری دیاریکراو.... سەرنجم دا ورچێکی لەژێردا راوەستاوە.... کەمنی بینی پێکەنی و هەنارێکی بۆ هەڵدام... من زۆر ترسام و رامکرد و ئەویش تریق و هوڕو قاقای پێکەنینی بە دوامدا باران...من نەمزانی... تومەز ئەمە کچە هاوڕێکەمە و دووناودوونی کردووەو بووە بە ورچ ))(هەڵمەت،٢٠١١، ل٦٩). ئەم چەشنە گێڕانەوەیەش لەگەڵ بارودۆخی رۆمانەکە، دەگاتە ترۆپکی ئەفسانەسازی، بۆیە زمانێکی حەقایەتسازی بەپێی پێویست خزاوەتە نێو چیرۆک و رووداوێکی سەردەمیانەوە.

لەنێو ئەم رۆمانەدا دەنگێک دەبیستی، کە بە ئاواز و زاراوەی ئایینییەوە فەرمان بەسەر ژنە جنۆکەکاندا دەکات. ئەمەش ئاماژەیەکی داستانییە، بەو فێڵە تەلیسماویی و بەڵێنە، بابەتێک زاوەتە ناو وەهمی مرۆڤ و هێڵی سەرەکی چیرۆکەکەیە، لەم بارەیەوە لەنێو رۆمانەکەدا هاتووە، ((هەبوو نەبوو خوشک و برایەک هەبوون و لەبەر بێکەسی سەری خۆیان هەڵگرت و چل شەو و وچل رۆژ دەشت و چیاو بیابان و دارستانیان بری گەیشتنە بەر دەرگای کۆشکێک و لە دەرگایاندا و دەرگاکە کرایەوە و براکە لەپێشیدا چووە ژوورەوە و ئیتر بەرلەوەی خوشکەکە بچێتە ژوورەوە دەرگاکە داخرایەوە و خوشک و براکە حەوت ساڵ و حەوت مانگ و حەوت رۆژ لەمدیوو ئەو دیوی دەرگا داخراوەکە بانگی یەکدییان دەکرد))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٩٦). ئەمەی لێرەدا دەیبینین ئەو کەشە داستانییەیە، لەو نێو رۆمانەکەدا بەهێڵێکی تۆخ دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاوازێکی ئایینی دەبیسترێت، بۆ نموونە لەنێو رۆمانەکە ئاماژە بەوە کراوە بۆ رزگاربوونی ئەم خوشک و برایە، دەڵێت: (( سێ هەنگاو بچۆرە پێشەوە و سێ جار بڵێ: ئەی خودای فریاد رەس فریام کەوە، ئەی خودای فریاد رەس فریام کەوە، ئەی خودای فریاد رەس فریام کەوە ))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل١٠٠). ئاوێزان بوونی ئەم هەست و رۆحە ئایینییە لەگەڵ سازاندنی کەشێکی داستانی، ئێستاتیکای ئەم تێکستی رۆمانەی گەیاندۆتە چڵەپۆپە.

**3-4- ڕۆڵی رۆماننووس و تەزیفبوونی ئێستاتیکای رووداو لە دەقدا**

رۆماننووس لەنێو ئەم تێکستەیدا جگەلە لەو ئێستاتیکایەی بەرهەمی هێناوەتەوە، کەوا رەوتی رووداوەکانی بەیەکەوە گونجاندووە و هاوئاهەنگی لەنێوانیاندا سازاندووە، لەوەش زیاتر رازاوەتەوە بە هونەرەکانی رەوانبێژی، روویەکی ئیستاتیکیانەی رووداوەکانی ئەم تێکستە، بریتییە لە دروستکردنی پارادۆکس جا چ لە ئاستی دەربرینی گێرانەوەی رووداوەکان بێت یان لە ئاستی دروستکردنی ئەو کارەکتەرانەی هەڵسوڕێنەری رووداوی ناو رۆمانەکەوە بێت. حاشاهەڵنەگرە، پارادۆکس لەم رۆمانەدا، لەو رووەوە گرنگە، کەوا پەلکێشی ناو پانتاییەکمان دەکات، کە ئێستاتیکای تێکستەکە بەرهەمی دەهێنێت و دەتوانیت بەهۆی ئەو باگراوندە مەعریفییەی لە پشت سازاندنی رووداوەکانداندا هەیە، بێ مەترسی بچیتە نێو دنیا خوڵقێندراوەکەی نێو رۆمانەکەوە. ئەوەی ئەو پارادۆکسە پەرەی پێدەدات بریتییە لە رووداوەکانی شێمەحموو و سەعدەی خێزانی، کەوا لە واقیعی ژیانی ئاساییانەی مرۆڤەکانی سەردەمە جیاوازەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، هاوشانی ئەمەش ژیانی جنۆکە و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ مرۆڤ و هەوڵە بەردەوامەکانی لە پێناو مانەوە و بەردەوامییەتی ژیاندا. بۆ ئەم مەبەستە رۆڵی رۆماننووس لە تیپەڕاندنی رووداو بەشێوەیەکی ئێستاتیکییانە و

هاوئاهەنگیی و هارمۆنییەتێکی گونجاو، بەسەر دوو جەمسەری دیاری رووداودا دابەش کراون، ئەم دابەشکردنەش یاخود تەوزیفبوونەش، لەسەر بنەمای ئەو بابەتەیە کەوا تێکستی رۆمانەکە بە دەوریدا دەخولێتەوە، بەو واتایەی رۆمانووس هەوڵیداوە رووداو بکاتە لێ خوێندنەوەی ئەو بابەتەی کەوا تێکستی رۆمانەکە مەبەستییەتی وەک پەیام بە خوێنەری بگەیەنێت، جا بۆیە دەشێ بۆ باشتر تێگەیشتنمان لە رۆڵی رۆمانووس، رووداو بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین:

**3-4-1- رووداوی خەیاڵی**

وەک ئەوەی لە ناوەخنی تێکستی رۆمانەکەوە دیارە، لەخۆیدا چەندان رووداوی خەیاڵی جێ کردۆتەوە، ئەم رووداوە خەیاڵییانە پارسەنگدانە بۆ ئەو ئێستاتیکایەی رۆمانووس مەبەستیەتی تێکستەکەی پێ برازێنێتەوە. دەستپێکی تیائاخنینی رووداوی خەیاڵی لە میدۆزا (ناوی ئافرەتێکی جنۆکەیە، رۆمانووس بۆ کارەکتەرێک بە کاریهێناوە)یاخود کە دواتر نازناوی جاویدانی پێدەبەخشرێت، ئەم شێوە رووداوە خەیاڵییە لەسەر پرەنسیپێکی ئێستاتیکایانە بەسەر پاژ و بەشەکانی رۆمانەکەدا وەک سێبەرێک هەستی پێدەکرێت. دیارە رۆمانووس مەبەستییەتی بەهۆی ئەمەوە رەوتی رووداوەکانی لە وەستان بپارێزێت و جووڵەیەکی دراماتیکییانە بە تێکستی رۆمانەکە ببەخشێت. هەر بۆنموونە لە پاژی سێیەمی ئەم تێکستەوە رۆمانووس، لەنێو رۆمانەکەدا دەست بە چنینی رووداوە خەیاڵییەکان دەکات و دەڵێت: ((باش بزانە و لەبیرت نەچێ هەموو کچانی کۆڵانی دەدە ڕقیان لەو پیرەژنە جادوبازەیە چونکە چاویلکەیەکی ئەفسونگەری هەیە کەلە چاوی بکات هەموو کەسێک دەبینێ و کەس ئەو نابینێ))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٢٤). پاشان رۆمانوس درێژە بە رووداوە خەیاڵیەکە دەدات و ئامۆژگاری ژنەجنۆکەکە دەکات تاوەکو ئەم شار جێ بهێڵێت و روو لە شارێکی دیکە بکات، ئەمەش وەک هەوڵێک وایە بۆ ناسین و ئاشنابوونی خوێنەرە بە زەمین و زەمەنی جیاواز، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دەگەیتە شارێک چل ساڵە بارانی لێ نەباریوە بەر لەوەی بچیتە ژوورەوە لەلای راستی دووڕییانەکەدا تاشە بەردێکی گەورە هەیە و بە خوێنی ئەو کەڵەشێرەی کە لە پشت تاشە بەردەکەدا چینە دەکات چل جار بنووسە: پادشای رێگاکان رێنماییم بکە))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٢٨). ئەم بەیەکەوە لکاندن و گونجانەی رووداوە خەیاڵیەکە، توانا و لێوەشاوەیی رۆمانووس دەردەخات، بەوەی خوڵقێنەری رووداوێکە لە دەرەوەی ئەزموونی تێدا ژیاوی مرۆڤە، ئەمەش دەرخستنی هێزی بیرکردنەوە و مەعریفەی رۆمانووس نیشان دەدات. لەم بارەیەوە دەشێ سەرنج بخەینەسەر پاژێکی دیکەی رۆمانەکە و درێژەی ئەم رووداوە خەیاڵییە ببینین، بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت: ((کۆشکەکە حەوت دەرگای لە یاقووت دروستکراوی هەبوو... دەرگای یەکەممان کردەوە کتێبێک لەسەر مێزێکی مرواری دنرابوو لێی نووسرابوو هەر کچێک بمخوێنێتەوە دەبێ بە پادشا و هەر کورێک بمخوێنێتەوە دەبێ بە تاشەبەرد))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٣٨). لێرەوە ژنەی جنۆکە رەوتی گێڕانەوەی رووداوەکانی دەست پێدەکات، بێگومان ئەم شێوە گواستنەوەیە لە رۆمانووسەوە بۆ ژنەی جنۆکە مەبەست و مەغزای ئێستاتیکیانەی لەپشتە، کەوا رۆمانووس مەبەستەیەتی ختوکە و سەرنجکێش کردنی خوێنەر بۆ تێکستەکە فەراهەم بکات، ئەمەش تاوەکو خۆی لەو زیادەخستنەپاڵ و رووداوە ئێجگار نائاساییەکان بدزێتەوە و بەهۆیەوە ئێستاتیکای تێکستەکە زەق بکاتەوە. ئەگەرچی رۆمانووس لە مەزراندنی ئەم شێوە رووداوانەدا رەچاوی بەدوایەکداهاتنی سروستیانە و زەمەنی روودانی رووداوەکاندا ناکات، بەڵکو تەنها ئەوەی لەبەرچاو گرتووە، کەوا خزمەتی تێکستەکەی پێ بکات. پاشان هەر سەبارەت بەم شێوە دارشتنەی رووداوە و شێوە بیچمگرتنی لەگەڵ رەوتی گەشەی روودانی رووداوەکاندا، دەڵێت: (( نەکەی ئەمە داوە دانراوەتەوە و ئەم پەڕانە ژەهراوین و کاتێ بە زمانت پەنجەت تەڕ دەکەی بۆ هەڵدانەوەی پەڕەکان ژەهراوی دەبیت و لە پەڕەی چلدا ئیتر وزە و تینت تیادا نامێنێت و دەمری...))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٩٩). رۆمانووس جێکردنەوەی پاژ و بەشەکانی رووداوە خەیاڵییەکە، لە دووتوێی تێکستەکەیدا، کەمکردنەوەی چاوەدێری خوێنەر بەسەر رەوتی رووداوەکاندا، چونکە لەم شێوە مامەڵەکردنە، رۆمانووس دەست ئاوەڵایە، دەتوانێت بەپێی مەعریفە و ئامانجی تێکستەکە پەرە بە رووداوەکان بدات، خوێنەر چونکە لەگەڵ رەوتی تێدا ژیاوی واقیعییانەی خۆیدا ناتەبا و وێک نەهاتووە، کەمترین سەرنج و لێ خوێندنەوەی رەخنەگرانەی لە هەنبەر رەوتی گەشەی رووداوەکاندا دەردەبرێت. لەوەش زیاتر وەرگر هیچ جۆرە زانیارییەکی ئەوتۆی نیە تاوەکو ئاگەداری ئەوە بێت بزانێت رێرەوی رووداوەکان و بەرزی و نزمی ململانێی کارەکتەر بەرەو کام تخووبی دەبەن. رەنگە ئەمەش زۆربەی جار بۆ نیشاندانەوەی هێزی بیر و توانای دەرخستنی ئێستاتیکییانەی رۆمانووس بگەرێتەوە.

**3-4-2- رووداوی واقیعی**

لەم تێکستی رۆمانەدا، رۆمانووس هاوئاراستەی رووداوی خەیاڵی، رووداوی واقیعیشی مەزراندۆتە نێو تێکستەکەی. ئەوەی وەک رووداوێکی واقیعی لەنێو ئەم رۆمانەدا نمایش کراوە، بریتییە لە رەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کارەکتەرێک بە ناوی شێمەحموو. ئەم

کارەکتەرە لە چەندین ئاستی جیاوازەوە(جا کۆمەڵایەتی، ئایینی، دەروونی...هتد)، ڕووداوەکانی ژیانی بەشیوەیەکی ئێستاتیکی، مۆنتاژ کراوە و خراوەتە خزمەتی گێڕانەوەیەک، کەوا سەرنجکێش و تامەزرۆیی لێوە مەیسەر دەبێت. شێمەحموو ئەگەرچی خۆی بەبنەچە خەڵکی (کفری)یە، ژیان و ڕووداوەکانی ئەم کارەکتەرە لە پانتایی ئەم شارە دەرناچێت، ڕەنگە هەڵبژاردنی ئەم شوێنە و ئەم کارەکتەرە، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، کەوا ڕۆماننووس خۆی خەڵکی ئەم مەملەکەتەیە و باشتر شارەزایی لە پانتایی شوینەکەدا هەیە، ئەمەش وایکردووە لەنێو تێکستی ڕۆمانەکەدا بەسەر چەندان شوێنی واقیعی نیو ژیانی ئەم جوگرافیایەدا بکەوینەوە. لەم بارەیەوە ڕۆماننووس دەڵێت: ((هەرچۆنێ بێ حەز دەکەم خوێنەرانی ئازیزم لێ دانەبڕێن و تێکرا من و ئەوان ئاگاداری چۆنیەتی لە دایکبوون و ئەفراندنی پاڵەوانەکە و ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بین.... کە بەشێکە لە ژیانی ئەوان و من))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل١٤). ئەمە لە خۆیدا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کەوا ڕۆماننووس لە هەناوی ڕۆمانەکەدا باسوخواسێکی مەزراندووە لە واقیعی زەمەن و زەمینێکەوە سەرچاوەی گرتووە. پاشان ئەمە سەردەکێشێ بۆ ڕەهەندی ئایینی و ئەو جەزبە ڕۆحییەی کەوا شێمەحموو هەیەتی، بەهۆیەوە لە مەملەکەتی کفریدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەیە، بەوەی پیاوێکی نووارنی و خوداییە، هەموو هەولێکی لەپێناوی چاکەی گشتییە، پاشان خۆشەویستی بۆ سەعدە خانی خێزانی پاژێکی دیکەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەیە. هەر لە درێژەی ڕەوتی ڕووداوە واقیعییەکانی نێو ئەم ڕۆمانەوە، ئاشنای چەندان شوێنی ئەم مەملەکەتە دەبیت، بۆ نموونە لە پاژی نۆیەمی ئەم ڕۆمانەوە دەڵێت: ((بیرمە چێشتەنگاوێکی چەژنی قوربان لەگەڵ چەند مندالێکی گەڕەکەکەماندا کەوتینە ڕێ بەرەو پاینی لای ڕۆژئاوای چیای باوەشاسوار... لەوێ یەکێ لە هاورێکانم چوو لە چەمەکەی بناری چیاکە ئاو بخواتەوە))(هەڵمەت، ٢٠١١، ل٤٥). ئەوەی لێرەدا ئاماژەی بۆ کراوە ناوچەیەکی دیاریکراوە(کفری)یە، ئەمەش هەر لە سەرەتاوە دیارە بیچمێکی بۆ ڕۆمانەکە دروستکردووە و لە پەنایدا ڕۆماننووس گەرەکییەتی پەیام بگەیەنێت، کەوا گەورەیی و هێزی نوورانی ئەم پیاوە لە بابەتی ڕامکردنی جنۆکە و بەکارهێنانی بۆ دۆزینەوە و کەشفکردنی سەرزەمین و بەکارهێنانیان لە کایەی کۆمەڵایەتیدا بۆ مەبەستی زانینی زانیاری لەبارەی ئەو کەسانەی تووشی کێشەی لە دەستدانی عەقڵ دەبن.

ئەوی لە ڕووداوە واقیعییەکانی نێو ڕۆمانەکەوە دەبینرێت، بەشێوەیەکی هونەرکارانە، ئێستاتیکایەک نیشاندراوەتەوە تیایدا خوێنەر وەک چاودێرێک لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکاندا خۆی دەبینێت، چونکە ئەو هێڵە فیکرییەی ڕۆمانەکەی لەسەر ڕۆنراوە، تەواوی ڕووداوە واقیعییەکانی نێو ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی دەستاودەستکردنی گێڕانەوەی چیرۆکی بابەتەکان لە نێوان شێمەحموو و ژنە جنۆکەکاندا هەڵبەز و دابەزی پێدەکرێت. بۆ نموونە دەڵێت: ((جاری وا هەیە جێگاکەی خۆتت بستێک چییە جێنەهێشتووە وا دەزانی حەوت شەو و حەوت ڕۆژە بەپێ ڕێدەکەیت و چوویتەتە شارێکی ژێر زەمینەوە و ئەژدیهایەکی حەوت سەرت کوشتووە و پادشای شارەکە کردووتی بە زاوای خۆی....))(هەڵمەت، ٢٠١١، ٢١). ئەوەی لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەم شێوە گەمەکردنە ئێستاتیکایەیە ڕۆماننووس بەکاریهێناوە لە چۆنیەتی گواستنەوەی ڕووداوە واقیعییەکان و سپاردنیان بە سەرزەمین و ڕووداوی ناواقیعی دیکە. ڕۆماننووس لە ڕووداوە واقیعییەکانەوە مەبەستیەتی ئەزموونی کارەکتەرەکان و ئەو زانیارییانەی پێویستە خوێنەران بیزانن، هاوبەشی پێدەکات، بەمەشەوە خوێنەر لە جاڕسی و نەزانینی ڕەوتی ڕووداوەکان دەپارێزێت.

**4_ئەنجام:**

•ئێستاتیکای بابەت لەم ڕۆمانەدا، لەسەر بنەمای دوو گێڕانەوەی جیاواز بۆ دوو بابەتی وێکنەچوو، بەڵام هاوئاراستەی یەکتر، سازاندراوە، بەمەش ئێستاتیکایەکی نیشانداوەتەوە، تیایدا لێهاتووی و زرینگی ڕۆماننووسی لێوە دەخوێندرێتەوە.

•ڕۆماننووس بەمەبەستی تێپەڕاندنی ئێستاتیکای بابەت لەم تێکستەدا، هەوڵیداوە کارەکتەرە جیاوازەکانی ئەم ڕۆمانە لەسەر یەک هێڵی ململانێ و دیالۆگدا کۆ نەکاتەوە، بەو مانایەی هاوڕاییەک لەمەڕ پرس و ئاریشەکان دروست نەکات، بۆ ئەوەی ڕەوتی گەشەی ڕۆمانەکە لە چەقبەستووی ڕزگار بکات و دینامیکییەت بۆ تێکستەکە فەراهەم بکات.

•ئێستاتیکای ڕووداوی ئەم ڕۆمانە، لە هەڵگێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانەوە دەستەبەر دەبێت، کەوا خوێندنەوەیەکی جیاواز و خودییانەی ڕۆماننووس بە ڕووداوەکانەوە دیارە، ئەگەرچی تێگەیشتنی ئیستا و هەنوکەییانەی خودی ڕۆماننووس فەرامۆش نەکراوە، ئەمەش ئێستاتیکایەکی سەرنجکێشی بەرهەم هێناوەتەوە.

•ئەو ئێستاتیکایەی لە ڕووداوەکانەوە بەرهەم هێنراوەتەوە، بەسەر ڕووداوە واقیعی و خەیاڵییەکانی نێو تێکستە پەرش بۆتەوە، ئەمەش بە تەکنیک و سەلیقەی ڕۆماننووس سەرە داوی ڕووداوەکان گەیەنراوەتەوە سەر یەکتر، بەو مانایەی ڕووداوە خەیاڵییەکان

دەبن بە دەستپێک و سەرەتای رووداوە واقیعییەکان، پاشان لە بەش و پاژێکی دیکەی رۆمانەکە رووداوە واقیعییەکان دەبن بە سەرەتا و دەستپێکی رووداوە خەیاڵییەکان.

## 5- لیستی سەرچاوەکان :


- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. ( ٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوە ئەدەبی و رەخنەیی. سلێمانی: چاپخانەی بینایی.
- ئەڵوەنی، نەجم(پ. ی. د.). (٢٠١٧)، تیۆری کۆمەڵناسی رۆمان. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
- حەسەن، حەمە سەعید. ( ٢٠١١)،هونەری نووسینی چیرۆک. هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس.
- حەسەن، حەمەسەعید.( ٢٠١٨)، رۆمان و ژیاننامە. هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- حسێن، جەبار ئەحمەد. (٢٠٠٨)، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی_کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠). سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- هەڵمەت، لەتیف. (٢٠١١)، ژنەجنۆکەکانی شێمەحموو. سلیمانی: چاپخانەی لەریا.
- سابیر، پەرێز. (٢٠٠١)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی(لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی). سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- میراودەلی، کەمال. (٢٠٠٥)، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپی دووەم. سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع.
-زادە، هاشم ئەحمەد. (٢٠١٨)، گێڕانەوەناسی. سنە: چاپەمەنی مانگ.
- گەردی، عەزیز. (٢٠٠٤)، هونەری شیعر. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- یاقووب، عەلی عوسمان. (٢٠٢١)، رۆمان(ژانری تەکنیکە جوانەکان و رەگەزە فرەرەهەندەکان)، بەرگی دووەم. سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.


**دووەم/ کتێبە ئینگلیزییەکان**


- Adorno, Theodor W. (2002), Aesthetic Theory. Newly translated, edited, and with a translator's introduction by Robert Hullot-Kentor, This edition published by Continuum.
- Alber, Jan and Fludernik, Monika.( 2010), Postclassical Narratology( Approaches and Analyses). The ohio state: university, U. S.A.
- Bell, James Scott. (2017), Crafting Novels (Short Stories The Complete Guide to Writing Great Fiction ). Ohio: Cincinnati.
- BOSTOCK, ANNA.(1963), The Theory of The Novel, GEORG LUKÁCS. Hermann: Luchterhand Verlag GmbH Folder personal.
- Burroway, Janet . (1992), Writing Fiction: A Guide to Narrative Craft. Third Edition, Harper: Co Wins Publishers.
- Cuddon, J. A.: (1999), A dictionary of Literary Terms and Literary Theory. U.K: PENGUIN BOOKS, Published by the Penguin Croup.
- Childs, Peter and Fowler, Roger. (2006), The Routledge Dictionary of Literary Terms. London: Routledge Taylor & Francis Group.
- Gardner,John. (1984), The ART of FICTION. NEW YORK: ALFRED A. KNOPF.
- Hartmann, Nicolai. (2014),Aesthetic. translated with an introduction by Eugene Kelly, Berlin: Boston.
- James Phelan and Peter J. Rabinowitz.( 2005), NARRATIVE THEORY. NEW YORK: Blackwell Publishing Ltd.
- Prince, Gerald.(1982), Narratology The Form and Functioning of Narrative. Berlin: Mouton Publishers.
- Quinn, E. (2006), A dictionary of literary and thematic terms. New York: Facts On File, Inc.
- Selden, Raman – Widdowson, Peter – Brooker. Peter. (2005), A Reader's Guide to Contemporary Literary Theory. Fifth edition, U.K: published in Great Britain.


**سایتی ئەلیکترۆنی:**


https://www.ldoceonline.com/dictionary/aesthetic

https://www.merriam-webster.com/dictionary/aesthetic

**جماليات الموضوع والأحداث في رواية "شيمحموو نساء الجان" للطيف هلمات**

**كيفي محمد عزيز**
كلية الاداب - قسم اللغة الكردية / جامعة سوران
Kaifi.aziz@soran.edu.iq

**ملخص**
الرواية، مقارنة بالفروع الاخرى من الادب، تتمتع بأكثر شمولية و نطاق أوسع للمواضيع و الأحداث. تصوير هذه الخصائص تحتاج الى أدوات أدبية لإظهار جمالياتها و تشويقها مع انسجام الأحداث و المواضيع بشكل فني و استاتيكي. هذا ما يوفر للنص فرصة الخلود، لذلك نرى اغلب الروائيين يعرضون هذه المهارات بطلاقة، كنوع من اثارة التشويق لدى القراء. لذلك تحتل الرواية مكانة خالدة في تأريخ الادب لكونها قابل للتجديد من خلال جماليات النص و الاحداث. كذلك تلعب دورا هاما في عرض خلفية الكاتب و حياته و افكاره و هموم المجتمع و الفرد و تألف الخيال مع وجهات النظر. لذلك نرى رواية (نساء الأشباح لشيمحمو) تتمتع بجماليات خارقة في حبكة الأحداث و المواضيع، حيث خلقت انسجام نادر بين النص و الأحداث كدليل على مهارة الكاتب و روياه.

**كلمات الرئيسية :** جماليات النص و الأحداث، الكاتب و الاحداث، جماليات الحدث، الاحداث الخيالية.

**Aesthetics of the Theme and Events in the (Shemahmu's Women Ghosts) novel of Lattif Hallmat**

**Kaifi Muhammad Aziz**

Kurdish Department - Faculty of Education /
Soran University
**Kaifi.aziz@soran.edu.iq**

**Abstract**
The novel, compared to other genres, embraces a wider scope to engage comprehensive themes and events. Depicting these themes and events demand delicate literary tools to be viewed in artistic and static ways. Harmonizing themes with the text provide the reader with further enthusiasm to follow the events and immortalize the text. These atheistic and skillful techniques are available in most of the successful novels due to their writers' talent. Therefore, novel occupies an eternal position in the literary history because its subjects are able to renew themselves through the aesthetics and harmonizing the text with the events. Additionally, the novel plays an important role in presenting the writer's background, biography, imagination and thoughts; through which the social issues are presented with individuals' life struggles. As one of the successful novels, the novel Ghost Women of Shemahmu displays an extraordinary style and aesthetic techniques in designing the plot and significant themes. The rare harmonization between the text and events can prove the writer's skillful talent and imaginative vision.

**Keywords:** Aesthetics of the text and events, the writer and the events, the aesthetics of the event, Fictional events